عەلی باپیر

چەند بنەمایەکی گرنگی

ماڵ و سامان بەخشین لە ڕێی خوادا

١٤٣٤ك ٢٧١١ك ٢٠١٣ز

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com



چەند بنەمایەکی گرنگی

ماڵ و سامان بەخشین

لە ڕێی خوادا

عەلی باپیر

١٤٣٤ك – ٢٠١٣ ز

ناوی کتێـــب : چەند بنەمایەکی گرنگی ماڵو سامان بەخشین لە ڕێی خوادا

نوســـــــەر: عەلی باپـیـر

بڵاوکردنەوەی:

نەخشەشازی نێوەوە: عزالدین محمد عمر

بـــــــەرگ : عزالدین محمد عمر

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٤- ٢٠١٣

تـــــــیراژ : ١٠٠٠ دانە

شـــوێنی چـــاپ: چاپخـــانەی ڕۆژهـــەڵات هـــەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٨١) ی

ساڵی ٢٠١٣ ی پێ دراوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا ۚ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١١﴾ ﴾ المنافقون.

پێشکەش بێ

بەو خێرخوازانەی ماڵو سامانی حەڵاڵی خۆیان لەڕێی خوادا
لێزانانە دەبەخشنو بە چاکترین شێوە جێگای پێ دەگرن.

پێشەکی

الْحَمْدُ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ النساء. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب.

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كَلاَمُ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ[1].

---

١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) كە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەكرد پێش هەر قسەیەكی گرنگ بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییكردن (خِطبة)و ..

خوێنـەری بەڕێـز!

ئەم کتێبەی بەردەستت باسی بابەتێکی زۆر گرنگ دەکات کە بریتیـە لـە : بەخشینو خێروچاکەکردنو هاوکاریی کردنی ماددیی خەڵکی ئاتاجو هـەژارو نەدار، جا ئەو بەخشینو ماڵوسامان خەرجکردنە، چ فەرز بێ چ سوننەت.

شایانی باسیشە کە ئەم کتێبە کۆی دوو دەرسی (تەفسـیری قورئـانی بـەرزو بـەپێز)ە کـە بـریتین لـە هـەردووك دەرسـی (٥٤و ٥٥) لـە دەرسـەکانی تەفسیرکردنی سووڕەتی (البقرة) کە دەرسی یەکەمیان (٥٤) پێنج ئایەت (٢٦٢- ٢٦٦) و دەرسـی دووەمیشـیان (٥٥) هەشـت ئایـەت (٢٦٧- ٢٧٤) دەگرێتـە خـۆی، واتە بە هەردووکیان سێزدە (١٣) ئایەت دەگرنە خۆیان.

ئنجا لە دەرسی یەکـەمیان دا:- وەك لـە پێناسـەی دەرسـەکانیش دا هـاتوە – خوای بەخشەرو میهرەبان بەگشتی باسی گەورەیی و گرنگییو پاداشتی بەرزی چـاکەکردنو مـاڵو سـامان بەخشـینو هاوکـاریی کردنـی خـەڵکی ئاتـاجو بێدەرەتـان دەکـاتو جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە دەبێ لـە بەخشـینو هاوکاریی کردنەکەیان دا، ڕەوشتو ئەدەبە بەرزەکان ڕەچاو بکەنو، خۆیان لە گیـرۆدەبووون بە خوو وخدەی نایەسەندی وەك: منـەتکردنو، ئـازاردانی دڵـی بابـای خێرپێکراو، ڕیـابازیی، بپارێزن.

وە لە دەرسی دووەمـیش دا هـەر لـە بـواری مـاڵو سـامان بەخشـین دا – بـە فـەرزو سـوننەتەوە – خـوای کاربـەجێو پـەنهانزان باسـی سـێ مەسـەلەی گـرنگو بنـەڕەتیی دەکـاتو، ئـەو هەشـت ئایەتـە بـە پێـزە وەڵامـی سـێ پرسیارەمان لەمست دەنێن:

هتد. وە ئەم وتارە هەرکام لـە: التـرمذي: (١١٠٥)، والنسائي: (١١٠٤)، وابـن ماجـە: (١٨٩٢) وأحمد: (٢٧٢٠)، وطبـراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

١- چ جۆرە ماڵو سامانێك ببەخشرێ؟

٢- بە کێ و کێ ببەخشرێ و، کێ لەپێشترە بۆ هاوکاریی کردن؟

٣- چۆن چۆنی ماڵو سامان بەخشینو هاوکاریی کردن ئەنجام بدرێ، لە ڕووی ئاشکراییو پەنهانییەوە، وە لەڕووی کاتی بەخشینەوە؟!

پێویستە ئەوەش بڵێم:

کە بەجیاو لەشێوەی کتێبێك دا چاپکردنەوەی ئەم دوو دەرسەی تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز بە ڕێنماییو لەسەر پێشنیارو داواکاریی دۆستو خۆشەویستانێکی دڵسۆز بوو، کە سەروکاریان لەگەڵ بەخشینو هاوکارییکردنی هەژارو نەدارو بێدەرمەتانو لێقەوماوان دا هەیەو، لە ئەزموونی خۆیان دا چەند تێبینیو سەرنجێکیان بۆ دروست بوو ون، لەسەر چۆنیەتییو شێوازی ماڵو سامان بەخشینو هاوکاریی کردنی هەندێك کەس داو، قەناعەتیان وابوو کە بە سەرنج دانو لێبوردبوونەوەی تەفسیرو لێکدانەوەی ئەو ئایەتە قورئانییە موبارەکانە، دەگونجێ ئەو عەیبو کەموکوڕییو هەڵەو پەڵانە چارەسەر بکرێن.

هیواداریشم ئەم کتێبە ئامانجەکەی بە باشترین شێوە بپێکێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

عەلی باپیر

١١ ی شوال ١٤٣٤ك - ١٨ی ئابی ٢٠١٣ ز

دەرسی پەنجاو چوارەمین

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا خوای پەروەردگار پشتیوان بێت، پێنج ئایەت لە سوورەتی (البقرة) دەتوێژینەوە، کە بریتین لە ئایەتەکانی ژمارە: (٢٦٢ تاکو ٢٦٦)، لەم پێنج ئایەتەدا خوا ﷻ دەربارەی یەك بابەت بۆمان دەدوێ، کە بریتیە لە چاکەکردنو ماڵ بەخشین، وە هاندانی مسوڵمانان بۆ بەخشین هاندانیان لەسەر ئەوە، کە ئەدەبە بەرزەکانی ماڵ بەخشین لە خۆیاندا بێننەدی، وە خۆپاراستن لە منەتکردنو ئازاردانی دڵی کەسێك کە هاوکاریی دەکەنو پاشان سەرەنجامی شوومی منەتکردنو ڕیابازیی لە بواری چاکەکاریيو بەخشین داو، سەرەنجامی چاكو پەسندی ماڵو سامان بەخشینی ساغو دڵسۆزانەو خواپەسندانە، لە ڕۆژی دواییدا دەخاتە ڕوو، لە میانی هێنانەوەی دوو سێ وێنەی زۆر کاریگەردا.

﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنًّا وَلَآ أَذًىۙ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٦٢﴾ قَوْلٌ

مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ ﴿٢٦٣﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ ﴾.

مانـای وشـه به وشـەی ئایەتەكـان

((وێنـەی ئەوانەی كە سامانەكانیان لەپێنـاو خوادا خەرج دەكـەن، وەك وێنـەی دەنكێك وایـە كـە حـەوت گـوڵان دەرِوێنـێ، هـەر گوڵێـك سـەد دەنكـی تێدایـە، وە خـوا بـۆ هەركەسێك بیـەوێ پاداشـت چـەند قـات دەكـاتەوە، وە خـوا سیفەت فراوانـی زانایـە ﴿٢٦١﴾ ئەوانـەی سـامانەكانیان لەڕێـی خـوادا خـەرج دەكـەن پاشـان، هـیچ جـۆرە منـەتكردنو ئازاردانێـك

بـەدوای ئەوە ناخەن كە خەرجیان كردوە، لەلای پەروەردگاریان پاداشتی خۆیانیـان هەیـەو، هـیچ جـۆرە ترسێكـیان نابـێو خـەمباریش نـابن ﴿٦٢﴾ قسـەیەكی بـاشو لێبوردنێـك (لەگـەڵ بابـای ئاتاجـدا) لـە خێركردنێـك باشتـرە كە ئازاردانی بەدوا دابێ، وە خوا بـێ نیـازە، هێـدیی یـە ﴿٦٣﴾ ئـەی ئەوانــەی بڕواتــان هێنــاوە! خێــرو چــاكەكانتان بــەهۆی منــەتكردنو ئـــازاردانەوە، هەڵمەوەشـــێننەوە، وەك بابايـــەك كـــە ســـامانەكەی بـــۆ ڕووپامایی خەڵكی خەرج دەكاتو بڕوای بە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی نیـە، جـا وێنــەی ئـەوە وەك وێنــەی تـاتـە بـەردێك وایـە كـە تەنكـە گڵـێكی لەسـەرە، بـارانێكی دڵۆپـە قـورس لێـی دەداتو بـەرەقو تـەقی دەیخاتـە گـۆڕێ، (وە سـەرەنجام ئـەو جـۆرە ماڵخەرجـكەرانە لـە ڕۆژی دواییـدا) هیچیان دەستگیـر نابێ لە بەرهەمی ئەوەی كردوویانـە، وە خـوا ڕێنمـایی كۆمـەڵی بێبڕوایـان ناكـات ﴿٦٤﴾ وە وێنـەی ئەوانـە كـە سـامانەكانیان بـۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خواو چەسپاوكردنیان (لەسـەر مسوڵمانەتیی) خـەرج دەكـەن، وەك وێنـەی باغێـك وایــە لـە بەرزاییــەك، كـە بـارانێكی دڵۆپــە قورسـی لێـدەبــارێو، بەرهەمەكـەی دوو قـات دەدات، وە ئەگـەر بـارانی دڵۆپـە قورسیشـی لێنـەبــارێ، وردەبارانێـك (ی بەسـە)، وە خـوا بینـەری ئەوەیـە كـە دەیكـەن ﴿٦٥﴾ ئایـا هـیچ كامێكـتان حـەز دەكـات كـە باغێكی لە خورماو ترێـی هەبێ، شـا جۆگـەی بـەژێردا بـڕۆن، لـە هـەموو جۆرە میوەیەكـی لەوێدا هەبێ، وە چووبێتـە قۆناغی پیـریـیەوەو بەساڵدا چووبێ، وە منداڵی وردیشی هەبن، ئیدی (كتـوپـڕ) گێژەڵووكەیـەك كـە گـڕی ئـاگری تێدایـە، لێـی بـداو بسـووتێ ؟! ئـاوا خـوا ئایەتەكـانیان بـۆ ڕوون دەكاتەوە بەڵكو بیـر بكەنەوە ﴿٦٦﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(حَبَّةٍ)؛ واتە: دەنك، (يُقَالُ في الحِنْطَةِ والشَعِيرِ ونَحْوِهِمَا)، (حَبُّ و حبَّةُ) بۆ دەنكی گەنمو جۆو وێنەی ئەوانە دەگوترێ.

(سَنَابِلَ)؛ (السَنَابل جَمْعُ سَنبُلَة وجَمْعُ سنبل)، (سنابل) كۆی (سُنْبلَة)و (سُنْبل)ە، واتە: گوڵە گەنم، گوڵە جۆ، گوڵە مەرمزە، گوڵە هەرزن، ئەوەی كە بەڕیز دەنكەكانی تێدایە.

(يُضَاعِفُ)؛ واتە: چەند بەرانبەر دەكاتەوە، چەند قات دەكاتەوە، (أضْعَفْتُ الشَّيءَ، وَضَعَّفْتُه، وَضَاعَفْتَهُ، ضَمَمْتُ إليهِ مِثْلَهُ فَصَاعِداً) هەرسێكیان واتە: وێنەی خۆی، یان چەند وێنەیەكی خۆیم خستە گەڵی، واتە: بەرانبەرم كردەوە، یان چەند بەرانبەرم كردەوە.

(مَنًّا)؛ (المَنُّ: مَا يُوزَن بِهِ) ئەو شتەیە شتی پێ دەكێشرێ (مَنٌ، مَنَّان، أمْنان)، (مَنَّان) دوو مەن (أمْنَان) كۆی (مەن)ە، (والمِنَّة: النِّعْمَة الثَقِيلَة) واتە: (منَّة) نیعمەتێكی قورسە، ئنجا ئایا بۆچی نیعمەتو چاكە پێی گوتراوە: منەت؟ چونكە مادام مەن (مَنْ) ئەو پێوەرەیە كە شتی پێ دەكێشرێو شتی قورسی پێ دەكێشرێ، چاكەش قورسە، وەك بڵێی بەوە كێشرابێ، جا منەت واتە: چاكەو نیعمەت، دیارە ئەگەر بە كردەوە بكرێ باشە، بەڵام ئەگەر بەزار بگوترێ خراپە ﴿... قُل لَّا تَمُنُّوا۟ عَلَيَّ إِسْلَٰمَكُم ...﴿١٧﴾﴾ الحجرات،

واتە: بڵێ ئیسلامەتییەکەی خۆتانم لەسەر مەکەنە منەت، چونکە ئەوان بە قسە گوتوویانە، ئەگەرنا بە کردەوە چاکە بکەی زۆر چاکە، چونکە خوای بە بەزەیی دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ ...﴿١٦٤﴾﴾ آل عمران، واتە: خوا چاکەی لەگەڵ بڕواداران کرد، کە لە خۆیان ڕەوانەکراوێکی بۆ ناردن، جا تۆ چاکە لەگەڵ کەسێ بکەی بە کردەوە ئەوە باشە، بەڵام بە قسە بەچاوی دابدەیەوە، یاخود باسی بکەی ئەوە خراپە، بۆیە عەرەب گوتوویانە: (المِنَّةُ تَهْدِمُ الصَّنيعة)، واتە: منەتکردن لەسەر کەسێ کە چاکەت لەگەڵدا کردوە، چاکەکەت لە بەیندا دەباتو دەیشواتەوە.

(صَدَقَـةِ): واتە: بەخشین، خێر، چاکە، وە جاری وایە بە مانای زەکاتیش دێ، دەڵێ: (الصَدَقَةُ: مَا يُخرِجُهُ الأنْسانُ مِنْ مَالِهِ عَلَى وَجْهِ القُرْبَةِ كَالزَّكَاةِ) بریتیە لەو ماڵەی کە ئینسان بەو شێوەیە کە لە خوا نیزیکی بخاتەوە، بیبەخشێ بۆ وێنە: زەکات، بەڵام صەدەقە زیاتر بۆ ماڵێکە کە خۆبەخشانە ببەخشرێو زەکات واجبە، بەڵام وشەی صەدەقە لە قورئاندا بە مانای زەکاتیش هاتوە: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ ... ﴿٦٠﴾﴾ التوبة، کە لێرەدا مەبەست پێی زەکاتە.

(تُبْطِلُوا۟): (الإبْطَال: إذْهَابُ الشَيءِ وإزَالَتُهُ) ﴿لَا تُبْطِلُوا۟﴾، واتە: لە بەین مەبەن، هەڵمەوەشێننەوە، دەڵێ: (إبْطَالُ) بریتیە لە

بەتاڵکردنـەوەی شتێكو لابردنیو نەهێشتنی.

(رِئَآءَ ٱلنَّاسِ)؛ واتـه: ڕووپـامـایی بۆ خەڵکـی، (أي مُـراءاة وَتَشَبُّعـاً) واتـه: شـتێك کـە لەخۆتــدا بیهێنیــەدیو لـە خۆتیـدا پێشـان بـدەی، بـۆ ئەوەی خەڵك ببیبنێ، جـا جـاری وایـە کـابـرا ڕووپـامایی دەکات، واتە: چاکـەیەك خێرێك دەکات دەڵێ: ئەوەم کـرد بۆ ئـەوەی خەڵـك باسی بکاتو بیزانێ، وە جاری وا هەیـە چاکـەکـەی هـەر نەشـکردوە، کەچی بـە درۆ باسـی دەکـات، کـە ئـەوە هـەر زۆر خـراپترە، وەك خـوا دەفـــــــەرموێ: ﴿ ... وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ ...(١٨٨)﴾ آل عمران، واتـە: دەیانـەوێ سـتایـش بکرێن بە شـتێك کە نەیانکـردوە.

(صَفْوَانٍ)؛ واتـه: تـاتە بـەردێکــی لــووس، دەڵێ: (صَفَا صَفْواً: خَلُصَ مِنَ الكَدَرِ) (صَفَا) لێـڵیـی پێوەنـەما (والصَّفَـاةُ: الحجـر العريـض الأملـس والصَّفْـوَان: الصَّــخر الأملــس) (الصَّــفَاةُ والصَّــفْوَان): یــانی: بەردێکـی پـانی لـووس.

(وَابِلٌ)؛ واتــە: بــارانی دڵۆپــە گــەورە (الوَابْـلُ والوَبِـلُ: المَطَـرُ الثَّقِيـلُ القِطَـارِ)، واتە: بارانێکـی دڵۆپــە قـورس (قِطـار) کـۆی (قَطْـرَة)ە، یــانی: دڵۆپــە.

(صَلۡدًا)؛ (أي حَـجَراً صَلبَـاً وهُـوَ لايُنْبِـتُ)، (صَـلْداً): واتـە: بەردێکـی ڕەق کە هیچ سەوز ناکات، سەدجار دەغڵودان لەسەر بـەرد ڕۆکەی، هیچی لەسەر سەوز نابێ.

(وَتَثْبِيتًا)؛ واتــە: چەســپاندن، چــونکە: (الثَّبَاتُ: ضِدُّ الـزَّوَال) واتــە: چەســپاویی (ثَبَــات) پێچەوانــەی لاچــوون (زوال)ە، (وثَبَّــتُّهُ أي: قَوَّيْتـهُ)، (وثَبَّتُّهُ) واتە: بەهێـزم کـردو چەسـپاندم.

(بِـرَبْوَةٍ)؛ (رَبـوَة) واتــە: تەپۆڵـکــە شـوێنــێکی بــەرز، دەڵــێ: (رَبـا الشَّـيءُ يربـو، رَبْـوًا: نَمَـا وَ زَادَ) (رَبـا): واتـە: گەشـەی کـرد وە زیـادی کـرد، ئنجا بۆچی گردۆڵـکەو شـوێنی بـەرز پێـی دەگوترێ: (رَبْوَة)؟ چونکە لە ئاستی زەوی بەرزتـرە (والرَّبـوَة والرابيـة: ما ارتفَـع مِـن الأرض)، (ربوَة) و (رابيـة) ئەوەیـە کە لە ئاستی زەوی بەرزتـرە.

(فَطَلٌّ)؛ (الطَّـلُّ: أَضْعَـفُ المَطَـر، وَهُـوَ مَالَـهُ أَثَـرٌ قَلِيـلٌ)، (طَـلٌّ) واتــە: بارانێـکــی نــەرم، لـە کوردەوارییــدا دەڵـێن: (نـمــە بـاران) بـارانێکی کـەم کـە شـوێنەوارەکــەشی کەمــە، وە دەگـوترێ: (وطُلَّ الأرضُ، فَهِيَ مَطْلُولَـةٌ) واتە: زەوییـەکـە ئـاوڕشـێن کـرا.

(أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ)؛ (أيـود) واتـە: ئایــا یەکێکـتان حــەز دەکـات، (الـوُدُّ: مَحَـبَّة الشَّــيء وَتَمَنِّــي كَوْنِــهِ، وَالتَمَــنِّي، هُـوَ تَشَـهِّي حصـولُ ما تَوَدُّهُ)، (وَدّ): بریتیە لـەوەی کـە تۆ شـتێکت خۆشبوێ‌و پێت خۆشبێ بۆت پەیدابێ، وە (تَمَنِّي) یـانی: خۆزگـە خواسـتن، بریتـیە لەوە کــە حەز لە پەیـدابوونی شـتێك بکەی.

(الْكِبَرُ)؛ واتــە: بەســاڵداچوون، پیــربوون (يُقَـالُ: فُـلانٌ كَبِيــرٌ، أي: مُسِـنٌ) دەگـوترێ: فـلان کـەس گەورەیـە، یـانی بەتەمەنـە (وَأَصَابَهُ

الكِبَرُ) واتە: بەساڵداچوو، تەمەنی هاتۆتە سەرێو هەڵکشیوە.

(ذُرِّيَّةٌ)؛ (الذُّرِّيَةُ أَصْلُهَا نَسْلُ الرَّجُل وقِيلَ: الصِّغَار مِن الأَولاَد)
(ذرية): لە بنەچەدا بەمانای وەچەی پیاو دێ، هەندێکیش دەڵێن: منداڵی گچەکەی ئینسان پێی دەگوترێ: (ذرية). بەڵام بەپێی عورفو باو وشەی: (ذرية) بۆ گەورەو بۆ گچکە بەکاردێ، واتە: بەتەمەن بن، یان کەم تەمەن بن.

(ضُعَفَآءُ)؛ واتە: بێ هێزەکان، وەچەیەکی بێهێز کە لێرەدا مەبەست منداڵی بچووکە. منداڵی بچووك بێهێزەو بەرگریی پێ لەخۆی ناکرێو خۆی پێ بەڕێوەناچێ.

(إِعْصَارٌ)؛ واتە: گەردەلوول، گێژەڵووکە، دەڵێ: (العَصْرُ: مَصْدَرُ عَصَرْتُ والمَعْصُور الشَيء، والمَعْصُورُ والعُصَارةُ: نِفَاية مَا يُعْصَرُ، والإِعصارُ: رِيحٌ كَثِيرُ الغُبَار) (إعصار): بە بایەك دەگوترێ کە زۆر تۆزو خۆڵی تێدابێ. وە ئەسڵی وشەکە لە (عَصْر)ەوە هاتوە، (عَصْر) واتە: گوشین (عَصَرْت) واتە: ئەو شتەم گوشی (والمَعْصُور) شتێکە کە گوشرابێ، (مَعْصُورُ وعُصَارة) تڵتو پاشماوەی شتی گوشراو، گەردەلوول کە دێ هەر شتێك بکەوێتە بەری دەیگوشێو ڕەپێچەکی دەداو کۆی دەکاتەوە.

مانـــای گشـــتی ئایەتەکـــان

خـوا ﷻ هانــی بــڕواداران دەدا بــۆ بەخشــینی مــاڵو سامانیـــانو خەرجـکردنی لە پێنـاوی خـواداو بـە ڕەچاوکـردنــی ئـەدەبو ڕەوشـتە بەرزەکانــەوەو دەفەرمــوێ: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ﴾، وێنــــەی ئەوانـەی مـاڵو سامانەکانیان لـە پێنـاوی خـوادا دەبەخشــن، وەك دەنکە تـۆوێـك وایـە کـە حــەوت گــوڵان دەردەکـات، هـەر گوڵـەی ســەد دەنکـی تێدایــە، واتــە: یــەك بــە حــەوت ســەد ﴿وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ﴾، وە خوا چەند بەرانبەر دەکات بۆ هەرکەسێك کە بیـەوێ، واتـە: لـە یـەك بـە حەوت سەد بەرانبەر زیاتریش پاداشت دەداتــەوە ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾، وە خـوا فراوانــەو زانایــە، ڕەحمــەتی فراوانــی هەیــەو زانیــاری فراوانــی هەیــە، وە هەموو ســیفەتەکانی خـوا فراوانــن، دیــارە ئــەوە بـۆ هانـدانی مســوڵمانانە، کـە لـە بەخشــینی مــاڵو سامانەکانیان نەترسێن، چـونکە هەرچــی دەیبەخشـــن، خـــوای بەخشــندە زۆر زۆر زیــاتر لـــە دوارۆژدا پاداشتیان دەداتەوە، بەڵکو زۆرجار هەر لە دنیاشدا بەخشین دەبێتە هۆی ئــەوە کــە مــرۆڤ ماڵەکــەی بەرەکــەتی بکەوێتــێو خــەڵك موعامەلــەی لەگەڵیدا خۆشتــربێ، وە ئـەو کەسانەی کـە خێرومەنـدنو چاکە لەگـەڵ خەڵك دەکەن، خـەڵك خۆشـی دەوێـنو مـاڵو سامانی دەپـارێزنو، ئەگـەر لێیــان بقــەومێ پشتگیـریــان لێدەکـەنو تــەماع لــە مــاڵو سـامانەکەیان

ناکەن، وە بە پێچەوانەوەشەوە بابای چرووكو ڕەزیل پێش دوارۆژ هەر لە دنیادا دووچاری زەرەرو زیان دەبێ.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنًّا وَلَآ أَذًى ﴾، ئەوانەی ماڵو سامانەکانیان لە پێناوی خوادا دەبەخشنو دوای بەخشینەکە هیچ منەتکردنو ئازاردان ناکەنە پاشکۆی بەخشینەکەیان، واتە: ئەو کەسەی کە چاکەی لەگەڵدا دەکات منەتی لەسەر ناکاتو ئازاریشی نادات، منەتکردن ڕووبەڕوویە، بەڵام ئازاردان باسکردنی پاشملەیە، هەیە چاکەیەك دەکات هێندەی دەڵێتەوەو هێندەی دووبارە دەکاتەوە، ئەوەی چاکەکەی لەگەڵ کراوەو بەخششەکەی وەرگرتوە، دەڵێ: سەد خۆزگە هەر وەرم نەگرتبایە ! مانای وایە بابای چاکەکار لەسەری قەرزدار بۆوە، جا دەفەرموێ: ئەوانەی ئاوا چاکە دەکەن، دوایی نە منەت دەکەنو نە ئازاری بابای خێرپێکراویش دەدەن، یانی: نە بەرەوڕوو، نە پاشملە باسی ناکەن، بۆچی؟ چونکە بابای بڕوادار ئەو ماڵە نابێ بە هی خۆی بزانێ، دەڵێ: بەڵکو ئەوە ئەمانەتی خوایەو سپاردەیەکە لە دەستی مندایە، دەیگەیەنم بە شوێنی خۆی، پیاو چاکەکانی پێشین وابوون، کە کەسێك هاتبێ زەکاتی بدەنێ، بابای زەکاتدەر گوتوویەتی: زۆرزۆر مەمنوونمو سوپاست دەکەم، زەکات وەرگر گوتوویەتی: بۆچی ؟ گوتوویەتی: تۆ هاتیو ئەوە هەقی خۆتە خوای دادگەر ئەو هەقەی لەسەر من پێویست کردوە، چاکبوو جەنابت ئەو هەقەت وەرگرت، دەنا گوناهبار دەبووم ! جا دەفەرموێ: ئەوانەی وابن: ﴿ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، پاداشتیان

هەیە لەلای پەروەردگاریان ﴿ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، وە نە ترسیان هەیە بۆ داهاتووو نە خەمباریش دەبن بۆ ڕابردوو، بۆ ڕابردوو خەمبار نابن، چونكە ڕابردوویان پاكەو، بۆ داهاتووش ناترسێن، چونكە ئەوەی ڕابردووی پاك بێ بێباكەو بەرچاوی ڕووناكە.

ئنجا خوای شارەزا فێری ئەدەبێكی بەرزی ماڵو سامان بەخشینمان دەكاتو دەفەرموێ: ﴿ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ ﴾ واتە: قسەیەكی باشو پەسند، وە لێبوردنێك لەگەڵ بابای ئاتاجدا، {كە دێ داوات لێدەكات، ئەگەر قسەیەكی باشی لەگەڵدا بكەی، وە لێیببووری ئەگەر ئەزیەتی دایو زۆر ئیلحاحی كردو تەكلیفی كرد، ئەگەر هیچیشی نەدەیە، بەس قسەیەكی باشی لەگەڵدا بكەیو بڵێی: بڕوا بكە بەدەستمەوە نیە، عوزرێكی بۆ بێنیەوە} ﴿ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ﴾، {هیچی نەدەیە، بەڵام قسەیەكی خۆشی لەگەڵدا بكەیو ڕێزی بگری} زۆر باشترە لە چاكە لەگەڵدا كردنێك كە ئازاری بەدوادا بێت، بۆ نموونە: خێری پێبكەیو پێی بڵێی: دەبڕۆ دەی بیگرە، هەر چاوتان تێرنەبوو ! خێرەكەت هەر مەكە باشترە، نەك خێر بكەیو دوایی بەچاویدا بدەیەوەو، دڵی ئەزیەت بدەیو منەتی لەسەر بكەی، ﴿ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ ﴾، وە خوا بێنیازەو هێدییو مەندە، خوا دەوڵەمەندە هەرچەندە ببەخشن خوای پەروەردگار لە دواڕۆژدا پاداشتتان دەداتەوەو، لە دنیاشدا بۆتان زیاد دەكات، وە خوا هێدییو مەندیشە، كەواتە: وەك چۆن خوا هێدییو مەندە، ئێوەش چاو لە خوای بەخشەری

پەروەردگـاری خۆتـان بکـەن‌و، ئـەو سـیفەتە پەسـندە لـە خۆتانـدا بهێننەدی، هێدیی بن‌و تووڕە مەبن.

ئنجا ڕوو لـە ئیمانـداران دەکات‌و دەفـەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! خێرو چـاکەکانتان بەخشـینەکانتان بـە منـەتکردن‌و بـە ئـازاردان هەڵمەوەشێننەوە، ئەم ئایەتە زۆر بەڕاشکاویی پێمان دەڵێ: کەسێك کە خێرو چاکەیەك دەکات، بەڵام دوایی منـەت بەسـەر خێـر پێکـراوەکـەدا دەکات، یاخود ئازاری دەدا، باسی دەکات لەم لاولاو پێی دەگاتـەوەو دڵی پێـی نارەحـەت دەبێ، خێرەکـەی دەچـێتەوە هیچێ‌و هەڵدەوەشـێتەوە، دوایـی خـوای پەنهـانزان دەفـەرموێ: ﴿ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ﴾، واتـە: بـا هەڵسوکەوتـەکانتـان لە بەخشـیندا، وەك هـی کەسێك نەبێ کە مـاڵ دەبەخشـێ بـەس بـۆ ڕووپامـایی خـەڵك، {بۆ ئەوەی خەڵك مەدحی بکات بڵێن: ماشـاء الله چـەند سـەخیی‌و نـان بدەیەو، چەند خێرەومەندە !} وە بـڕوای بـەخواو بـە ڕۆژی دوایـی نیـە، {واتە: ئەو سیفەتە، سـیفەتی کەسانی ڕیـابـازو بێبـڕوایە، کـە تـۆ خێـر بکەی، دوای منەت بکـەی، ببەخشـی‌و دوایـی بەچـاوی کابـرادا بدەیـەوە! ئەوە سیفەتی کەسانی بێبـڕواو ڕیـابـازەو وەك ئەوان مەکەن} .

ئنجـا خـوا ﷻ وێنەیەکیشـمان بـۆ دێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بیخاتـە بەرچاومان، چونکە وێنـە هێنـانەوە شـێوازێکی گرنگـە بـۆ تێگەیانـدنی خـەڵك، چـونکە ئـەو قسـەیە کـە دەیکـەی، چەمـك‌و واتایەکـەی ڕووت (مجـرد)ە، بـەڵام کـە لـە قاڵـبی وێنـەدا داتڕشـت، بـە خـەیاڵ‌و ئەندێشـە

دەتوانی تەماشای بکەی، دەفەرموێ: ﴿ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ﴾، وێنەی {کەسێك کە بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی نیەو بە ڕیابازیی ماڵی خۆی سەرف دەکات، نەك بۆ خوا} وەك تاتە بەردێکی لووسی سپی وایە، تەنکە گڵێکی لەسەرە بارانێکی دڵۆپە زل لێیدەدا ﴿ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ﴾، هیچی پێوە ناهێڵێ‌و دەیشواتەوە، {واتە: ئەو چاکەو خێرانەی کە ئێوەش دەیانکەن منەتکردنەکەتان‌و ئازاردانەکەتان، وەك بارانەکە وایەو چاکەکەتان دەشواتەوە هیچی نامێنێتەوە} ﴿ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا ﴾، {کەسێك کە تەنکە گڵێکی هەبێت لەسەر تاتە بەردێکی لووس، بارانێك لێیبدات، هیچی بۆ دەمێنێتەوە ؟ نەخێر، ئەوجۆرە کەسانەش لە دواڕۆژدا کە بە حیساب خێریان کردووەو زەکاتیان داوەو چاکەیان کردوە، دوایی تەماشا دەکەن هیچیان بۆ نەماوەتەوە لە قیامەتێ} لە دواڕۆژدا توانایان بەسەر هیچیدانیەو هیچیان دەستگیر نابێتەوەو هیچیان بۆ نەماوەتەوە ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾، وە خوا ڕێنمایی کەسانی بێبڕوا ناکات، کەواتە: ئەوەش سیفەتی بێبڕوایانە نەك سیفەتی ئیمانداران.

ئنجا دێتە سەر باسی سیفەتی ئەوانەی کە لە پێناوی خواداو بۆ ڕەزامەندیی خوا، وە بۆ ئەوەی کە مسوڵمانەتی خۆیان زیاتر بچەسپێنن‌و ئیمان زیاتر لە دڵی خۆیان دابکوتن، ماڵو سامانی خۆیان

دەبەخشن، باسی وانیش دەکاتو وێنە بۆ وانیش دەهێنێتەوە: ﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ﴾، وە وێنەی ئەوانەی کە ماڵو سامانەکانیان دەبەخشن بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا ﴿ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴾، وە بۆ ئەوەش کە نەفسی خۆیان زیاتر بچەسپێنن لەسەر مسوڵمانەتیی، یاخود بۆ ئەوە کە ئیمان زیاتر لە دڵی خۆیاندا بچەسپێنن، یاخود بۆ ئەوە کە سیفەتی بەخشندەییو کەرەمو سەخاوەت زیاتر لە دڵی خۆیاندا ڕیشەدار بکەن، وێنەی ئەوان وەك چی وایە ؟ ﴿ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ ﴾، وەك باخێك وایە بە تەپۆڵکەیەکەوە، بە شوێنێکی بەرزەوە، ﴿ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ ﴾، بارانێکی دڵۆپە زل لێی بداتو بەرەکەی دوو بەرانبەر بێتەوە، میوەکەی دوو قات بێتەوە ﴿ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ ﴾، وە ئەگەر بارانێکی دڵۆپە زلیش لێی نەدا، نمە بارانێکی بەسە، چونکە شوێنەکەی زۆر بەپیتو بەرەکەتە، زەوییەکەی زۆر چاکە، نمە بارانێکی بەسە.

لێرەدا خوای زاناو شارەزا دوو حاڵەتی باسکردوون:

یان بارانێکی دڵۆپە زل لێیدەداتو کە بەرەکەی دوو قات دەکاتەوە، یان نمە بارانێك، چونکە ئینسانی مسوڵمان یان زۆر دەبەخشێ، چونکە لە توانایدا هەیە، ئەو کاتە پاداشتی زیاترە، یاخود توانای کەمترەو کەم دەبەخشێ، ئەوەش هەر دیسان پاداشتی هەیە، واتە: ئیماندار قەت

نابێ چرووك بێ، ئەگەر زۆری هەبوو زۆر دەبەخشێو، کەمی هەبوو کەم دەبەخشێ، بەڵام قەت چنگ قووچاو نابێ ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، وە خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

ئنجا خوا ﷻ وێنەیەکی دیکەمان بۆ دێنێتەوە بۆ ئەوانەی کە منەت دەکەنو ئازاری ئەوانە دەدەن کە پێیان دەبەخشن، بۆ ئەوەی زیاتر لەبەرچاومان بیچەسپێنێ کە ڕیابازییو منەتکردن لەسەر ئەوانەی پێیان دەبەخشین، وەك ئاگرێك وایە کە بەری دەدەینە خەرمانی خۆمان، دەفەرموێ: ﴿ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمۡ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَابٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، ئایا یەکێکتان حەز دەکات باخێکی هەبێ لە دارخورماو لە ترێ، ڕووبارگەل بە بنیدا بڕۆن، واتە: شوێنەکەی وابێ کە هەمیشە جۆگەو جۆباری بە بندا بڕواو، پەکی لەسەر ئاوێ نەکەوێ ﴿ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، هەموو جۆرە میوەیەکی تێدا هەبێت، ئایا بۆچی لەو باغەدا تەنا باسی درەختی خورماو درەختی ترێی کردوە؟ چونکە: دارخورما بەرزترین دارەو دار ترێش نزمترین دارە، واتە: هەر لە بەرزترین درەختەوە، هەتاکو نزمترین درەخت تێیدایە، چونکە دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، هەموو جۆرە میوەیەکی تێدا هەیە، خۆ ئەگەر هەر تەنیا خورماو ترێ بووایە، دەیفەرموو: هەر خورماو ترێی تێدایە، بەڵام خوای پەروەردگار بەرزترین درەختی هێناوە، کە دارخورمایە، دوایی

نزمترین درەختیش کە دار مێوەو، هەر بە زەویەوە پان دەبێتەوە، واتە: هەموو جۆرە درەختێکی تێدایە هەر لە بەرزترینی تا نزمترینی، وە هەموو میوەیەکی تێدایە ﴿وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ﴾، ئایا یەکێ لە ئێوە حەز دەکات باغێکی ئاوای هەبێ: دوایی بکەوێتە تەمەنەوە، وە ماڵو منداڵێکی وردو سەلکەو پێچکەشی هەبن، کە بەخێوکردنیان بەزەحمەتەو بۆخۆیان کەسابەتیان پێناکرێ، لەو حاڵەتەدا: ﴿فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ﴾، گێژەڵووکەو گەردەلوولێك کە ئاگری تێدایە، لێیبداو بیسووتێنێو باغەکە هیچی نەمێنێ، یەکێك لە ئێوە حەز دەکات، ئاوای بەسەر بێت ؟ نەخێر، کەواتە: ئێوەش خەرمانی چاکەکانی خۆتان بەمنەتو ئازاردانو بە باسکردن هەڵمەوەشێننەوەو، چاکەکانتان بەرباد مەکەن ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ﴾، ئاوا خوا ئایەتەکانی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو بیر بکەنەوە.

تەماشا بکەن ئەو مەسەلەیە خوا ﷻ چەندی گرنگیی پێداوە، ئەو هەموو ئایەتانەی لەبارەوە ناردوون، پێنج ئایەت هەموویان باسی چۆنیەتی بەخشینن، کە دەبێ ئاوا ببەخشرێ، تەنیا بۆ ڕەزامەندیی خوا بێت، وە دەبێ بەخشەر قسەی خۆش لەگەڵ بابای خێر پێکراودا بکات، ئەگەر هەر نەشیداتێ قەیناکات، بەڵام با هەر قسەی خۆشی لەگەڵدا بکات، جا تەماشای ئەو ئەدەبو ڕەوشتە بەرزانە بکەن، کە ئیسلام دەوڵەمەندەکانی پێ ئامۆژگاریی دەکاتو، خێرەومەندەکانی پێ

ئامۆژگاریی دەکات، چەند بەرزن، بەڵام تەماشای هەڵسوکەوتی هەندێ لە دەوڵەمەندو خێرەومەندەکانیش بکەن، کە خێر دەکات بەڵام نەیکات باشترە! چاکەیەك دەکات زۆر باسی دەکاتو منەت دەکات، کەچی خوای پەروەردگاریش ئاوا دەفەرموێ، وە لە حەقیقەتیشدا لە ڕوانگەی ئیمانو ئیسلامەوە، منەتکردنو ئازاردانی دڵی کەسی پێ بەخشراوو خێرپێکراو، شتێکی زۆربێجێیە، بۆچی؟ چونکە تۆ نابێ ئەو ماڵە بە هی خۆت بزانی، خوای بەخشەر دەفەرموێ: ﴿... وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ...﴿٧﴾﴾ الحدید، واتە: لەو ماڵە ببەخشن کە خوا ئێوەی تێداکردوە بە جێنشین، کەواتە: ماڵەکە هی خۆت نیەو هی خوایەو ئەمانەتە لە دەستی تۆ دایەو، تۆ بەس دەیگەیەنی بە شوێنی خۆی، جا تۆ هەر لەبەرئەوەی ئەو ماڵە لەوێوە دەگوازیەوە بۆ ئەوێ، دەبێ منەتێ بکەی؟ نەخێر، چونکە خوای کاربەجێ ڕزقێکی کردۆتە دەستی تۆ، تۆی پێ تاقیدەکاتەوەو دەیگەیەنی بە شوێنی خۆی، کەچی هەر لەخۆتدا حەصری دەکەیو بەشی کەس نادەی، یان ئەگەر هەندێکیشت بەخشی بە کۆمەڵێك بەمنەت دەیبەخشی! بەڵێ ئەگەر لە هەموو بەرنامەیەکداو لە هەموو دینێکدا بگونجێ بابای خێرکەرو ماڵ بەخشەر، منەت بکاو باسی بکا، لە ئیسلامدا ناگونجێ، بۆیە مسوڵمانان زۆر پێویستییان بەوە هەیە کە بەڕاستی لە بواری بەخشینو خێرو چاکەدا، زۆر چاو بەخۆیاندا بگێڕنەوەو، تەماشای ئەخلاقو هەڵسوکەوتی خۆیان بکەن، کە زۆری پێچەوانەی ئەوەیە کە خوای بەخشندە مسوڵمانانی پێ ئامۆژگاریی کردوە، خوای پەروەردگار بە لوتفو کەرەمی خۆی لەو

کەسانەمان بگێڕێ کە ئەهلی سەخاوەتو بەخشندەیین، لە کەمی کەمو لە زۆری زۆر، وە خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ کە برازێینەوە بەو سیفەتو ڕەوشتو ئەدەبە بەرزانەی کە خوای کاربەجێ بە مەرجی گرتوون، بۆ کەسانێك کە خێرو چاکە دەکەن.

چەنــد مەســەلەیــەکــی گرنــگ

مەسـەلەی یەکـەم: خـوای پەروەردگـار ئـەو کەسانەی کە ماڵو سامانی خۆیـان لـە پێنـاوی خـوادا دەبەخشـن، کارەکـەیان بـە دەنکـە تۆوێـك دەشـوبهێنێ، کـە دوای ئـەوەی دەڕوێـت حـەوت گـوڵ دەردەکات، هـەر گوڵـە سـەد دەنکی تێدایـە، کـە دیـارە دەکـاتە یـەك بـە حـەوت سـەد، لێـرەدا خـوا ﷻ وێنـەی پاداشتـدانەوەی خـۆی بـۆ بەخشـەرانو خێرومەندان بە چەندان بەرانبەر لە وێنەیەکدا بۆ ئێمە وێنا دەکات، کـە بریتیـە لـەوەی کەسێك دەنکـە دانەوێڵـەیەك بچێنـێو دوایـی حـەوت سـەد بەرانبـەر بەرهـەمی بێتـە دەسـت، دیـارە پێشتـریش باسمان کرد کـە حیکمـەتی وێنـە هێنـانەوە ئەوەیـە، کـە ئێمـە باشتـر تێبگەین لە سۆنگەی ئەوەوە، کە چەمكو واتای مەعنەویی لە شێوەی وێنەی بەرجەستەکراودا دەخرێنە ڕوو.

مەســەلەی دووەم: کــە دەفــەرموێ: ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ ﴾، وێنـەی ئەوانـەی کـە مـاڵی خۆیـان لـە پێنـاوی خـوادا دەیبەخشـن، وەك دەنکە تۆوێك وایە حەوت گوڵان دەردەکات، هـەر گوڵەی سـەد دەنکی تێدایە، توێژەرەوانی قوڕئان زۆریان قسە لەبارەوە کردوەو گوتوویانە: دەبێ ئەوە چ جۆرە دانەوێڵەیەك بێ ؟ ئایا مەبەست لـە ﴿ سَنَابِلَ ﴾، گوڵـە گەنـمن ؟ یـان گوڵـە جـۆن ؟ یـان گوڵـە مـەرەزەن ؟ یـان گوڵـە هەرزنن ؟! ... هتد، بەڵام لە ڕاستیدا وەك چۆن خـوای بـێ وێنـە هـەر

ئەوەندە فەرموویەتی: دەنکە تۆوێك دەچێنـدرێو دوایی ئەو دەنکە تـۆوە دەڕوێو حـەوت گـوڵان دەردەکـات، هـەر گوڵـەی سـەد دەنکـی تێدایە، دیارە عیبـرەتو پەندێك، کە ئێمە دەبێ وەریبگرین، ئەوەیە کە ماڵ بەخشـین، پاداشتی زۆری هەیەو خوا لـە دوارۆژدا پاداشـتی زۆرمـان دەداتـەوەو، بـەڵکو هـەر لـە دنیاشـدا ئینسـانی بەخشـندە ئیستیفادە دەکات، پەندو عیبـرەتەکەش بەوەندە دێتە دی، بۆیە خوا ﷻ دیـاری نـەکردوەو، ئـەو مشـتومڕەش توێـژەرەوانی قورئـانی نەیگەیاندۆتە هیچ ئەنجامێك !

بۆیە من پێم وایە ئەو مشتومڕە هەمووی زیادە، هەروەها زۆریش باسی ئەوەیان کردوە، کە ئایا دەگونجـێ دەنکـە تۆوێك حـەوت گوڵان دەربکـات ؟ لـە کـوێ ؟ وە دەبـێ لـە چ جـۆرە زەوییـەکـدا یـەك بـە حەوسـەد بێنێـت ؟ بـەڵام ئـەوەش دیسـان پێویسـت ناکـات، چـونکە خـوای کاربـەجێ ئـەو وێنەیـە بـۆ ئێمـە دێنێتـەوەو دەفـەرموێ: هـەر چـاکەیەك یـەك بـە حـەوت سـەد بەرانبـەر بـەلای کەمـەوە پاداشـت دەدرێتـەوە، دیارە هیچ یـەکیش لەسـەر ئـەوە نەکـەوتوە، کـە ئایـا ئـەو دانەوێڵەیە، لـە کوێیـەو کـێ دەیچێنـێو ...هتـد ؟!

مەسـەلەی سـێیەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ﴾، وە خـوا چەند بەرانبـەر دەکاتەوە بۆ هەرکەسێك کـە بیـەوێ، ئایـا مەبەسـت ئەوەیە لە یەك بە حەوت سەد زیاتریش بەرانبەر دەکاتـەوەو پاداشـت دەداتەوە، یـان مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە خوای زاڵی خـاوەن شکـۆ، یـەك بـە حـەوت سـەد پاداشـت دەداتـەوە، یـان یـەك بـە حـەوت سـەد زیاتریش مەبەست پێی کامیانە؟ وا پێدەچێ مەبەست پێـی یـەك بـە

حەوت سەد زیاتریش بێ، چونکە دوای ئەوەی دەفەرموێ: ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ ﴾، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ﴾، کەواتە: خوا بۆ هەرکەسێك کە بیەوێ، لە یەك بە حەوت سەد، یان زیاتریش پاداشتی دەداتەوە، لەوبارەشەوە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ زۆرن:

فەرموودەی یەکەم: {(عَنْ أبي مَسْعُودٍ رضي الله عنه، أنَّ رَجُلاً تَصَدَّقَ بِنَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ في سَبِيلِ اللهِ، فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ ﷺ لَكَ بِهَا يَوْمَ القِيَامَةِ، سَبْعُ مِائَةِ نَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ) (رَوَاهُ مسلم برقم: (٤٨٧٤)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣١٨٧)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٤٤٩))}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ وشترێکی بە جڵەوەوە (بە ڕێشمەو ئەوسارەوە) لەپێناوی خوادا بەخشی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لە ڕۆژی دواییدا حەوت سەد وشترت بە جڵەوو ئەوسارەوە لە بەرانبەردا دەدرێتەوە.

لێرەدا ئێمە دەبێ لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ وەك خۆی مەبەستی بووە حاڵی بین، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، کە لەوێ هەرکەسێك وشترێکی کردبێتە خێر، خوای پەروەردگار بفەرموێ: ها ئەوە حەوت سەد وشتر! بەڵکو واتە: پاداشتی بە ئەندازەی حەوت سەد بەرانبەر دەدرێتەوە، ئەگەرنا کابرا لەوێ ڕەنگە بڵێ:

جا ئەو هەموو وشترانە چ لێبکەم لە کوێیان دابنێم !! وە کەسێك بە سادەیی و سەرکێڵیی تەماشای فەرمایشتەکە بکات، ڕەنگە بڵێ: جا باشە کابرا حەوت سەد وشتر لە کوێ دابنێ ؟ چۆن دەبێ بەهەشت وشتری لێبن !! نا مەبەست ئەوەیە بە ئەندازەی قیمەت و بەهای حەوت سەد وشتر، خوا پاداشتی دەداتەوە.

فەرموودەی دووەم: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {(مَنْ أَنْفَقَ نَفَقَةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ كُتِبَتْ لَهُ بِسَبْعِ مِئَةِ ضِعْفٍ) (رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (١٦٢٥) وحَسَّنَهُ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣١٨٦)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٦٤٧)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٤٤١)، عن خُرَيم إبن فاتِكٍ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (١٨٩٧)}، واتە: هەر کەسێك لە پێناوی خوادا نەفەقەیەك بکات {واتە: ماڵێك خەرج بکات، بەخشینێك بکات} بە حەوت سەد بەرانبەر بۆی دەنووسرێ.

دیارە ﴿فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾، واتە: دەبێ بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا، لە پێناوی خوادا، مەبەستی ئەوەبێ کە خوا لێی ڕازی بێ، دیارە کە مەبەستیشت بوو خوا لێت ڕازی بێ، ماڵەکەشت بەو شێوەیە صەرف دەکەی کە خوا دیاری کردووە، دەیدەی بە کەسی شیاوی خۆی و، لە شوێنی شیاوی خۆیدا صەرفی دەکەی، چونکە هەرکەسێك شتێك لە پێناوی خوادا بکات، دەبێ بە پێی شەرعی خواش بیکات، ئەو دووانە هەردووکیان پێکەوەن، لە پێناوی خواداو ڕەزامەندیی خوا، وات لێدەکات کە بەپێی شەرعی خواش بجووڵێیەوە.

فەرموودەی سێیەم: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: {(كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ يُضَاعَفُ، الحَسَنَةُ بعَشْرِ أمْثَالِهَا إلى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ إلى ماشاءَ اللّهُ) (رَوَاهُ مسلم برقم: (٢٧٠٠)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٦٣٨)، عَنْ أبي هُرَيرَةَ ﵁}، واتە: هەموو کردەوەی ئادەمیزاد چاکە بە دە بەرانبەر پاداشت دەدرێتەوە {بە لای کەمەوە} هەتاکو حەوت سەد بەرانبەر، هەتاکو ئەو ئەندازەیەی کە خوا بۆخۆی دەیزانێ.

هەڵبەتە ئەم فەرمایشتە پشتگیریی ئەو ڕایە دەکات کە گوتمان فەرمایشتی خوا: ﴿وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ﴾، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە پاداشتی بەخشین لە حەوت سەد بەرانبەریش زیاترە، جا ئایا لە ئەنجامی چیدا خوا ﷻ پاداشتەکەی چەند قاتو چەند بەرانبەر دەکاتەوە ؟ دیارە لە ئەنجامی ئیخلاصی باشترو نیەتی چاکترو، شوێن پێگرتنی چاکتردا، کە مرۆڤ هیچ مەبەستی ئەوە نەبێ باسبکرێو، هیچ مەبەستی دنیا نەبێو، ئیخلاصەکەی زۆر باشبێ، وە باشیش شوێنی پێبگرێو، بەرژەوەندییەکی باشی پێ تەحقیق بکات، هەتا لەو دوو ڕووەوە بەخشینەکە باشتربێ، پاداشتی زیاترە، چونکە جاری وایە کابرا ئیخلاصی باشی هەیە، بەڵام شوێنی باشی پێناگرێ، وە جاری واش هەیە شوێنی پێدەگرێو لە شوێنی شایستەدا دایدەنێ، بەڵام نیەتەکەی زۆر تەواونیەو کەمو زۆر شتی دنیایی ڕەگەڵ دەکەوێ، بۆ وێنە: پێی خۆشە خەڵکیش پێی بزانێ کە بەخشندەیە، کەواتە: بە ئەندازەی ئەوە کە ئیخلاص زیادبێ، شوێن پێگرتن چاك دەبێ، پاداشتەکەش چەند بەرانبەر دەبێتەوە لە حەوت سەدیش زیاتر.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى ۙ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، ئەوەی لێوەردەگیرێ کە کاتێك کەسێك خێرێك دەکات، چاکەیەك دەکات، دەست گرۆیی نەدارێك، هەژارێك، لێ قەوماوێك، هەتیوێك، بێوە ژنێك دەکات، ئەگەر منەتی لەسەر بکات ڕووبەڕوو یان پاشملە باسی بکاتو دڵی ئازار بدات، ئەوە نەك هەر پاداشت وەرناگرێتەوە، بەڵکو لەسەریشی سزا دەدرێ، واتە: وەك چۆن کەسێك دانەوێڵەیەك دەچێنێت، بەڵام دوایی بۆ وێنە: سەد تەنەکەی بەو زەوییە وەرکردوە، دوایی پەنجا تەنەکەی دێتەوە دەستی، دەڵێن چی؟ دەڵێن: بنە تۆوی خۆی نەکردەوە، واتە: ئەو ئەندازە دەغڵەی کە بە زەوی وەرکرد بوو، ئەوەندەشی دەست نەکەوتەوە، جگە لە کرێی جووت مەسرەفو ماندوبوون، هەموو ئەوەش لەسەر زەرەروزیان ڕادەوەستێ، خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى ۙ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، ئەوانەی خێرو چاکە دەکەنو دوایی منەت ناکەنو ئازاری دڵی بابای خێر پێکراو نادەن، ئا ئەوانە پاداشتی خۆیانیان هەیە لەلای پەروەردگاریان، دیارە ئەوەش کە وانەبێ، نەك هەر پاداشتی نیە، بەڵکو دەبێ چاوەڕێی سزاو تۆڵەش بکات ! عەرەب جوانیان گوتوە، لێرەدا دەڵێن: (صِنوَان: مَنْ مَنَحَ سَائِلَهُ ومَنَّ، وَمَنْ مَنَعَ نَائِلَهُ وضَنَّ) واتە: وەك یەکن، ئەوەی کە کەسێك داوای لێ دەکاتو پێی دەبەخشێو، دوایی منەتی لەسەر دەکات، لەگەڵ ئەوەی

دیکە کە کەسێك داوای شتێکی لێ دەکات و نایداتێ و چرووکیی دەکات، بەڵکو من دەڵێم: لەڕاستیدا ئەوەی کە دەبەخشێ و منەت دەکات، یان بابای خێر پێکراو ئازار دەدات، خراپتریشە لەوەی کە نابەخشێ، بۆچی؟ چونکە ئەوە نیعمەتێکە خوا پێی داوە، کەچی منەتی پێ بەسەر خەڵکیدا دەکات و پێی لەخۆی بایی دەبێ، وە سەرەنجام دەبێ چاوەڕێی سزاو تۆڵەش بکات و پاداشتیش ئەوە هەر هیچ !

مەسەلەی پێنجەم: خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ﴾، واتە: قسەیەکی پەسند، وە لێبوردنێك باشترە لە خێرکردنێك کە ئازاردانی بەدوا دابێ، ئەم ڕستە قورئانییە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە خوا زاناو شارەزا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئینسانەکاندا، لایەنی مەعنەویی و لایەنی کەرامەت و ڕێزو حورمەتی ئینسانەکانی لە پێش لایەنی مادییەوە داناوە، چونکە ئینسان بەس گەدەو جەستە نیە، بەڵکو ئینسان بەر لەوەی گەدەو جەستە بێ، ڕووح و مەعنەوییاتە، بۆیە خوا ﷻ لایەنە مەعنەوییەکەی پێشخستوەو دەفەرموێ: هەژارو نەدارێك کە دێتە لات ئەگەر هیچیشی نەدەیە، بەس قسەیەکی باشی لەگەڵدا بکەی و ئازاری نەدەی، باشترە لەوەی شتێکی بدەیەو منەتی لەسەر بکەی، یاخود بە هەر شێوەیەك بێ ئازاری بدەی، هەر مەیدەیە باشترە لەوەی بیدەیەو هەستی بریندار بکەی، چونکە کە یارمەتی دەدەی و هەستی بریندار دەکەی، لەڕووی جەستەییەوە خزمەتت پێکردوە، بەڵام لەڕووی مەعنەوییەوە بریندارت کردوەو کەرامەتت ڕووشاندوە! هەر لێیگەڕێی باشترە، با لایەنی ڕووحیی سەلامەت بێ، لە لایەنی

جەستەیی گەڕێ ! بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە یەکێك لە فەرمایشتەکانیدا فەرموویەتی: {(الكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ) (رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٢٩٨٩)، وَمسلم برقم: (٢٣٣٢)، عَنْ أبي هُرَيرَةَ رضي الله عنه}، واتە: قسەیەکی باش قسەیەکی چاك خێرو صەدەقەیە، کەواتە: صەدەقە هەر ماڵ بەخشین نیە، هەروەها لە فەرمایشتێکی دیکەدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {(إنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ) (رَوَاهُ مسلم برقم: (٦٦٣٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٨٣٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٢٣)، عَنْ عَبْدِ اللّهِ بْنِ الصَّامِتِ عَنْ أَبِي ذَرّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا}، واتە: لە چاکەکارییە کە تۆ بگەیە برای خۆت بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوەو بە زەردەخەنەوە.

لە فەرمایشتێکی دیکەدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {(إنَكُم لا تَسَعُونَ النَّاسَ بِأموَالِكُم، وليسعهُم مِنكُم بَسْطُ الوجه، وحُسْنُ الْخُلُقِ) (رَوَاهُ الحَاكِمُ فِي (المستدرك) برقم: (٤٢٧)، وَحَسَّنَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (٦٧٥٨)}، واتە: ئێوە بە ماڵ سامانتان فریای هەموو خەڵك ناکەون، بەڵام بە ڕووی خۆشتان و بە ڕەوشتی جوان فریایان بکەون، واتە: بە ڕووی گەش و ڕەوشتی جوان دەتوانن لەگەڵ هەمووان‌دا مامەڵە بکەن، ئەخلاقی جوان و ڕووخۆشیی، فراوانەو بەشی هەموو کەس دەکات، بەڵام ماڵ و سامان بەشی هەموو کەس ناکات و سنووردارە، دەتوانی لەگەڵ هەموو کەسدا ڕووت خۆشبێ و قسەت خۆشبێ و ڕێزی هەموو کەس بگری، بەڵام ناتوانی هەر کەسێك داوای هاوکاریی ماددیی کرد، بۆی جێبەجێ بکەی !

مەسـەلەی شەشـەم: كـە دەفـەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ ﴾، ئەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە ! خێـرو چاكەكانتان بە منەتكردنو ئازاردان هەڵمەوەشێننەوە، لە بەرانبەر ئەم ڕستە قورئانییەدا زانایان بوونەتە دوو بەش، كە ئایا وەك چاكە خراپـە دەسـڕێتەوە، كـە ئەمـە دەقـی قورئـانی لەسـەرە، وەك خـوا فەرموویەتی: ﴿ ...إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ... ﴿١١٤﴾ ﴾هود، واتە: بێگومان چاكەكان خراپەكان دەسڕنەوەو لایان دەبەن، ئایا بەهەمان شێوە خراپەش چاكە لادەبات؟ لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا زانایـان بوونە دوو بەش:

بەشێكیان دەڵێن: بەڵێ، وەك چۆن كە خراپەیەك دەكەی، ئەگەر چاكەی بەدوادا بكەی دەیسڕێتەوە، بە هەمان شێوە ئەگەر بە دوای چاكەش دا خراپە بكەی، هەر دەیسڕێتەوە.

بەشێكیشیان دەڵێن: نەخێر، بەڵكو هەندێك چاكەی تایبەت هەن، بە هەندێ خراپەی تایبەت دەسڕێنەوە، بەڵام بەگشتی خراپەكان چاكەكان ناسڕنەوە، واش پێدەچێ ئەم ڕایە بەهێزتر بێ، چونكە خوا فەرموویەتی: ﴿ ...إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ... ﴿١١٤﴾ ﴾هود، چاكەكان بەگشتی خراپەكان بە گشتی لادەبەن، بەڵام بەنسبەت لابرانی چاكە بە خراپە، وای نەفەرموە، بەڵكو لە هەندێ كاتی تایبەتو شوێنی تایبەتدا فەرموویەتی: وریا بن فلان خراپەیە فلان چاكەیەتان لێ لانەبات، بۆ وێنە لە

سووڕەتی (الحجرات)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴿٢﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! كاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەدوێنن‌و قسەی لەگەڵدا دەكەن، دەنگتان بەسەر دەنگیدا هەڵمەهێنن، {بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵدا مەكەن} نەوەك كردەوەكانتان هەڵبوەشێنەوە، بێئەوەی كە بۆخۆتان هەست پێ بكەن، كەواتە: بێئەدەبیی نواندن بەرانبەر بە پێغەمبەر ﷺ دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی كردەوەی باش، ئنجا لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ ﴾، چاكەو خێرەكانتان بە منەتكردن‌و ئازاردان هەڵمەوەشێننەوە، كەواتە: منەت‌و ئازاردانیش بۆ بابای خێر پێكراو، ئەو چاكەو خێرەی كە لەگەڵت كردوە، ئەو یارمەتی‌و هاوكارییەی پێشكەشت كردوە، خێرەكەی لادەبا، یانی: هەندێ خراپەی تایبەت هەندێ چاكەی تایبەت هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام خراپەكان بەگشتی چاكەكان لانابەن، ئەمەش ڕەحمەت‌و بەزەیی خوای پەروەردگارەو، ئەگەر وانەبووایە كەسمان چاكەمان بۆ نەدەمایەوە، كەواتە: خوا ﷻ بەگشتی دەفەرموێ: چاكەكان خراپەكان لادەبەن، بەڵام خراپەكان بەشێوەیەكی تایبەت‌و هەندێك لە خراپەكان هەندێ لە چاكەكان لادەبەن، نەك بەگشتی.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ ... ﴿٢٦٤﴾ ﴾ البقرة، منەتکردن (مَنّ)، تایبەتەو بریتییە لەوەی ڕووبەڕوو منەت لەسەر خێرپێکراو بکەی، بەڵام ئازاردان (أذَی) گشتییە، چ منەتی لەسەر بکەی، چ توانجی تێبگری، چ دوایی پاشملە باسی بکەی، چ بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان ئەزیەتی بدەی، بۆ وێنە: بە شێوەیەك پارەکەی وێبدەی نەفسی پێ بریندار بێ، لەپێش چاوی خەڵکی بیدەیە، یان بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان هەستی بڕووشێنی، (أذَی) هەر جۆرە ئازاردانێك دەگرێتەوە، بەڵام (مَنّ) تەنیا ئەوەیە کە منەتی بەسەردا بکەیو بە چاوی دابدەیەوە، بەڵگەشمان لەسەر ئەوە کە خێرو چاکەکردن لەگەڵ خەڵك بەهۆی ئازاردانیانەوەو بە هۆی منەت لەسەرکردنیانەوە، هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەیە کە خوا زۆر بە ڕوونو ڕاشکاوی فەرموویەتی: ﴿ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ﴾، واتە: ئەوانەی ئازاری بابای هاوکارییکراو دەدەنو منەتی لەسەر دەکەن، وەك ئەوانە وان کە ماڵی خۆیان بە ڕیابازیی خەرج دەکەن، وە بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی نییە، ئنجا بێگومان کەسێك بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی نەبێ، یان بە ڕیابازیی شت بکات، دیارە نابێ چاوەڕێی پاداشت بێ، بە هەمان شێوەش کەسێك با لە سەرەتاوە بۆ خواشی کردبێ. بەڵام دوایی کە بە هۆی منەتکردنو ئازاردانەوە، لەخۆی تێکدەداو نابێ چاوەڕێی پاداشت بێ، ئنجا

دوایـیش خـوای بێوێنـه، وێنـەی هێناوەتـەوەو دەفـەرموێ: ﴿ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ﴾، واتـــــە: وێنەی وی، وەك وێنـەی تاتە بەردێکی لووس وایە، تەنکە گڵـێکی بـە سـەرەوەیە، بـارانێکی دڵۆپـە زل لـێی دەداو هیچـی پێـوە نامێنـێو دەیشواتەوە، مانـای وایـە ئـەو ئـازاردانو منـەتـکردنەش، ئـاوا خێـرو پاداشـتی ئـەو چاکـەو ئـەو مـاڵ بەخشـینە دەشـواتەوە، هـەروەهـا دواییش، کە دەفـەرموێ: ﴿ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا ﴾، {کە مەبەست پێی دواڕۆژە} لە دواڕۆژدا توانـایان نابێ بەسـەر هـیچ لـە بەرهـەمی ئـەو خێـرو چاکەیەدا، واتـە: هیچیان بۆ نەماوەتـەوەو خاوەنی هیچ نـابن.

<u>**مەسەلـەی هەشتـەم:**</u> کە دەفـەرموێ: ﴿ وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، لێـرەدا خـوای پەروەردگـار وێنــەی مـاڵ بەخشینی شەرعییـانەو ڕاستو تەواو بە چی دێنێتـەوە ؟ بـە باغێـك کـە لەسـەر تەپۆلکەیەکـە، لـە شـوێنێکی بـەرزەو بـارانێکی بـاشو بـە خـورزەمو دڵۆپـە زل لێـی دەدات، بەرەکـەی دوو بەرانبـەر دەبێتــەوە، واتە: ئەگەر هەمان باغ هـی کەسـێکی دیکـەبێ لـە شـوێنێکی دیکـەبێ، نیـوەی ئـــەوە بـەردەدا، بـەڵام شـوێنەکەی هێنـدە باشـەو بـارانێکی

هێندە چاکی لێ دەبارێو، ئەوەندە خۆری باش پێدەکەوێ، بەرەکەی دوو بەرانبەری باغی خەڵکی دیکە دەبێ.

جا خوا ﷻ دوو هاندەری باسکردوون بۆ کەسێك، کە ماڵ بە شێوەیەکی ڕاستو دروست دەبەخشێ: ﴿ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثۡبِيتٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ ﴾، واتە: ڕەزامەندیی خوا داوا دەکەن، وە لە دڵێکی چەسپاویشەوە یاخود بۆ دڵ چەسپاندنی خۆشیان لەسەر ئیمانو ئیسلام، یان لەسەر ماڵ بەخشینو سەخاوەت، کەواتە: دوو هاندەریان هەن:

یەکەم: ئەوەیە کە خوا لێیان ڕازی بێ.

دووەم: ئەوەیە کە خۆیان لەسەر سەخاوەتو بەخشین ڕابێنن، یاخود خۆیان پابەند بکەن بەو شەریعەتو بەرنامەوە کە خوای پەروەردگار ناردوویەتی، واتە: هیچ مەبەستێکیان نیە کە زیان بگەیەنن بە بابای خێر پێکراو، ئەو بابایە کە خێر دەکات، دەڵێ: بۆیە ئەو کارە دەکەم کە خوا لێم ڕازی بێ، وە بۆ ئەوەش کە خۆم مسوڵمانیباشبمو سیفەتی باش لەخۆمدا بچەسپێنم، هەڵبەتە ئەو دوو ئامانجەو ئەو دوو پاڵنەرو هاندەرە، کە پاڵ بە بابای ماڵ بەخشەرەوە دەنێن، هیچ زیانێك ناگەیەنن بە لایەنی بەرانبەر.

ئنجا وێنەشی بۆ هێناوەتەوەو دەفەرموێ: ﴿ كَمَثَلِ جَنَّةِۭ ﴾، وێنەی ئەوەی کە ماڵی خۆی لە پێناوی خوادا دەبەخشێ، بۆ ئەوەی خوای لێ ڕازی بێ، وەك باغێکە، چونکە باغ سێبەریشی

هەیە، بەریشی هەیە، كەواتە: بابای بەخشندە دەبێ سێبەری هەبێ بۆ خەڵك، وە بەرهەمیشی بۆیان هەبێ.

ئنجا دەربارەی شوێنی ئەو باغە دەفەرموێ: ﴿كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ﴾، (رَبْوَةٍ) یانی: تەپۆلكە، بەرزایی، چونكە لەڕووی باغدارییەوە، شوێنی بەرز باشتر تیشكی خۆری تێدەكەوێو ئاوی زۆری تێدا نامێنێتەوە، درەختەكە بن ئاو بكەوێ، ئەوەی بەخشەربێ، دەبێ هەوڵبدا خاوەنی ئەخلاقو بەهاو ئەدەبێكی بەرزتربێو، بە ئەخلاقی بەرزو بە بەخشندەییو سیفەتی باش لەنێو خەڵكدا دیاربێ.

- ئنجا دوو جۆرە بەخشینی دیاری كردوون، چونكە كە دەفەرموێ: ﴿أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتۡ أُكُلَهَا ضِعۡفَيۡنِ فَإِن لَّمۡ يُصِبۡهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ﴾، واتە: ئەو باغە لە دووحاڵ بەدەر نیە: یان بارانێكی دڵۆپە گەورەو بە خورزەمی لێدەداو، ئەو كاتە دوو بەرانبەر بەردەگرێ ﴿فَإِن لَّمۡ يُصِبۡهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ﴾، وە ئەگەر بارانێكی دڵۆپە زلو بە خورزەمو بە ڕێژنە لێی نەدا، ئەوە نمە بارانێكی بەسە بۆ بەرگرتن، شوێنەكەی هێندە باشە، ئینسانی مسوڵمانیش دوو حاڵی هەن: یان ئەوەتە ئیمكانیەتی هەیەو خێرو چاكەی زۆر دەكات، یان كەمی هەیەو خێرو چاكەیەكی كەم دەكات، بەڵام هەرچۆن بێ ئینسانی ئیماندار دەبێ هەر بەخشندەبێ، ئەگەر زۆری هەبوو زۆر ببەخشێو، ئەگەر كەمیشی هەبوو كەم ببەخشێ، گرنگ ئەوەیە

ئیماندار نابێ چرووكو ڕژدو دەست قووچاو بێ، کەمت هەیە کەم ببەخشەو، زۆرت هەیە زۆر ببەخشە، لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کاتێك پێغەمبەری خوا هانی مسوڵمانانیدا کە ببەخشن لە جەنگی (تەبووك)دا، هەبوو ماڵێکی زۆری دەهێنا پڕی کۆشێك زیوو زێڕی دەهێنا، یاخود پڕی توورەگەیەك زێڕو زیوی دەهێنا، هەشبوو پڕی چنگێکی دەهێنا، وە هەبوو چنگە خورمایەکی دەهێناو دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر ئەوەندەم بۆ کراوە، ئنجا مونافیقەکان ئەوەی زۆری هێنابا دەیانگوت: ئەوە هەر بۆ ڕیایەتی، ئەوەی کەمیشی هێنابا دەیانگوت: جا خوا چ پێویستی بەوەندە هەیە[1]؟! یانی: هەر چۆن بێ هەر تانەیان دەدا، خوای پەروەردگاریش ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهۡدَهُمۡ فَيَسۡخَرُونَ مِنۡهُمۡ ...﴿٧٩﴾ ﴾ التوبة، واتە: ئەوانەی {ئەو مونافیقو دەغەڵانەی} کە تانەیان دەدا لەو مسوڵمانانەی کە باش ماڵی خۆیان دەبەخشی دەیانگوت ئەوە مەبەستیان پێ خوا نیە {تەماشا ئەو هەموو ماڵو سامانەی بۆچی هێناوە ؟}، وە ئەوانەی هەموو توانای خۆیان دەخستە کارو کەمیان

---

١) عن أبي مسعود قال: { لما نزلت آيةُ الصَّدقة كُنّا نُحامِلُ على ظهورنا، فجاء رجُلٌ فتَصدَّق بشيءٍ كثير، فقالوا: مراءٍ، وجاء رجلٌ فتصدَّق بصاعٍ، فقالوا ان الله لَغَنيٌّ عن صدقة هذا، فنزل: ﴿ ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهۡدَهُمۡ ...﴿٧٩﴾ ﴾ التوبة، رواه البخاري: (١٤٥)، ومسلم: (١٠١٨)، والنسائي في التفسير: (٢٤٣)، وابن ماجه: (٤١٥٥)}.

دەهێنا، گاڵتەیان بەوانیش دەکرد! بەڵام نەء، ئەوەی زۆری هەیە با زۆر ببەخشێ، وە ئەوەی کەمیشی هەیە با لە کەمەکەی خۆی هەر ببەخشێ، وە لە فەرمایشتی ڕاستو دروست (صحیح)ی پێغەمبەر ﷺیشدا هاتوە فەرموویەتی: {(سَبَقَ درهَمٌ أَلْفَ دِرهَم، فَقَالَ رَجُلٌ: وَكَيْفَ ذَاكَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: رَجُلٌ لَهُ مَالٌ كَثِيرٌ أَخَذَ من عرضِهِ مائَةَ أَلفٍ فَتَصدَّقَ بِهَا، وَرجُلٌ لَيسَ لَهُ إلاّ درهَمَانِ فَأخذَ أَحَدَهُما فَتَصَدَّقَ بِهِ) (رَوَاهُ ابْنُ حِبَّانَ برقم: (٣٣٤٧)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٥٢٧)، عَنْ أبي هُرَيرَةَ ﷺ، وَحَسَّنَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (١٨٦٧)}، واتە: درەمێك پێش هەزار درەم کەوتەوە، پیاوێك گوتی: جا ئەوە چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟! فەرمووی: کابرایەك هەبوو زۆر دەوڵەمەند بوو {ماڵو سامانێکی زۆری هەبوو} هەزار درەمی لەو ماڵە زۆرەی خۆی کردە خێر، وە پیاوێکیش هەبوو دوو درەمی هەبوون، لەو دوو درەمە یەکێکیانی کردە خێر، خوای کاربەجێ پاداشتی ئەو درەمەی ئەو هەژارو نەدارەی بە زیاتر دایەوە لە هی ئەو هەزار درەمە، بۆچی؟ چونکە ئەو لە دوو درەمان یەکێکی کردۆتە خێر، ئەوی دیکەش لە ماڵو سامانێکی زۆر هەزار درەمی کردۆتە خێر، دیارە خوای دادگەریش ستەم لە کەس ناکات، بەڵام پاداشتی ئەوەی دیکە کە توانای کەم بووە، زۆر زیاتری داوەتەوە لەوەی دی.

ئنجا بۆیەش لە کۆتایی ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، وە خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، چونکە

بەخشین کردەوەیە، ئەگەر تێبینیتان کردبێ لە کۆتایی هەموو ئایەتەکاندا خوای خاوەن سیفەتی بەرز، سیفەتێکی خۆی بەیان دەکات، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، بۆچی؟ چونکە لە هەر شوێنە خوا سیفەتێکی خۆی بەیان دەکات، کە لەگەڵ ئەو کردەوەیەداو لەگەڵ ئەو شتەدا بێتەوە، لەبەرئەوەی بەخشین کردەوەیە: چۆن دەبەخشێ ؟ چەند دەبەخشێ ؟ بە کێ دەبەخشێ ؟ بابزانێ خوا دەیبینێ.

مەسەلەی نۆیەم: کە خوا ﷻ وێنەیەکی هێناوەتەوە بۆ کەسێك کە خێرو چاکە دەکات، بەڵام دوایی خێرو چاکەکەی بە ئاودا دەدات، بەهۆی منەتو ئازاردانو باسکردنو ڕیابازی یەوە، دەفەرموێ: ﴿ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ ﴾، واتە: کێتان هەیە خۆزگەو ئاوات بەوە بخوازێ وەك ئەو کەسەبێ، کەسێك کە باغێکی هەیە، ئەو باغە لە درەختی خورماوە بگرە کە بەرزترین درەختە، هەتاکو درەختی مێوو ترێ، کە نزمترین درەختە تێیدایە، نەك تەنیا ئەو دوو جۆرە درەختەی تێدابن، وەك دەفەرموێ: ﴿ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ ﴾، واتە: لە بەرزترین درەختەوە کە دارخورمایە، تا نزمترینی کە مێوە، درەختی ترێیە، تێیدایە، ئنجا، ﴿ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ ﴾، شاجۆگەو جۆگەلەی زۆری بەبندا

دەڕۆن، واتە: یەکی لە ئاوێ ناکەوێ ﴿ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، وە ئەو کەسە لەو باغەی خۆیدا هەموو میوەیەکی هەیە، بۆیە گوتمان کە دەفەرموێ ﴿ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعۡنَابٍ ﴾، تەنیا مەبەستی خورماو ترێ نیە، چونکە ﴿ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، هەموو میوەیەك تەنیا لە درەختی خورماو مێو پەیدانابێ، هەنارو خۆخو گێلاسو هەرمێو بەهێو... ئەوانە، کوا لەو دووانە پەیدا دەبن؟! کەواتە: هەموو جۆرە میوەیەکی تێدایە، ئەو ڕەزو باغە بەو شێوەیە کە لەوە باشتر نابێ، بەلام لەو لاوە: ﴿ وَأَصَابَهُ ٱلۡكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٞ ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعۡصَارٞ فِيهِ نَارٞ فَٱحۡتَرَقَتۡ ﴾، کابرا بۆخۆی کەوتۆتە تەمەنەوەو بەساڵدا چووەو، ئینسانی بەساڵداچووش تازە خۆ ناتوانێ دووبارە بچێ باغێکی دیکە بنیات بنێ ! ئنجا کە کەتۆتە تەمەنەوە ماڵو منداڵێکی وردو وێرانیشی هەیە، منداڵی سەلکەو پێچکەی هەن ﴿ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٞ ضُعَفَآءُ ﴾، واتە: منداڵەکانی وردنو درشت نین، کە کارو کەسابەت بکەن، ئنجا لەو حاڵەتەدا: ﴿ فَأَصَابَهَآ إِعۡصَارٞ فِيهِ نَارٞ فَٱحۡتَرَقَتۡ ﴾، گەردەلوولێك لەو باغە بدا کە ئاگری تێدابێو بسووتێ، کامەتان پێی خۆشە وەزعێکی وای هەبێ؟ بێگومان کەس پێی خۆش نیە، کەواتە: ئەگەر چاکەتان کرد وەك ئەو باغە چاکەی ئەو گەردەلوولە خراپە لێی دەداتو دەیسووتێنێ، منەت بەسەر خێرپێکراودا مەکەن، وە ئازاری دڵی مەدەنو، خێرو چاکەکە لەخۆتان تێکمەدەن.

مەسەلەی دەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْأَيَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴾، ئاوا خوا ئایەتەکانیتان بۆ ڕووندەکاتەوە تاکو بیربکەنەوە، ئایا بەبێ بیرکردنەوە ئینسان لە ئایەتەکانی خوا حاڵی دەبێو بەبێ بیرکردنەوە لەو حیکمەتانە دەگەین کە لە ئایەتەکاندا شێرراونەتەوەو، بەبێ بیرکردنەوە لەو ئامانجانە تێدەگەین کە خوای بەخشندە ئەو ئایەتانەی بۆیە ناردوونە خوار کە بهێنرێنە دی ؟! بێگومان نەخێر.

لە کۆتاییدا دەڵێم: وەك زۆر جاری دیش گوتوومانە: قورئان وەك دەریایەکە کە لە دوورەوە تەماشای دەکەی بەس ئاوێکی شین دەبینی، بەڵام کە لێی ورد دەبیەوەو دەچیە سەری ماسیو ڕووەك ژیاندارانی دیکەو، پاشان گەوهەرو مرواری تێدا دەبینی، قورئانیش بە هەمان شێوە ئینسان تا چاکتر لێی وردبێتەوە، زیاتر تەفاعولی لەگەڵدا بکات، زیاتر لە نهێنییەکانی تێدەگاتو پێیان ئاشنا دەبێ.

خوای پەروەردگار لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بەهۆی تێوەڕامانو زیاتر وردبوونەوەی کتێبی خواوە، زیاتر لێی تێدەگەن زیاتر لە حیکمەتو پەندەکانی حاڵی دەبن، زیاتر لە ئامانجەکانی شارەزا دەبنو، پاشان باشتر پێوەی پابەند دەبن، لە ژیانی تاکیو خێزانییو کۆمەڵایەتییو سیاسییاندا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

٥٧
دەرسی پەنجاو پێنجەمین

پێناسەی ئەم دەرسە

خوا پشتیوان بێ لەم دەرسەماندا هەشت (٨) ئایەت لە سوورەتی (البقرة)دا دەتوێژینەوە، کە ئایەتەکانی ژمارە (٢٦٧ تاکو ٢٧٤)ن، خوا ﷻ لەم هەشت ئایەتەدا بۆمان باسی ماڵ بەخشین دەکات: چ جۆرە ماڵێك ببەخشرێ ؟ بە کێ ببەخشرێ ؟ چۆن ببەخشرێ؟ ئەم سێ مەسەلە گرنگە تیشکیان خراوەتە سەر، وێڕای چەندین مەسەلەی دیکە کە پەیوەستن بەم سێ مەسەلە سەرەکییەوە، وەك: بەخشینی شتی باس‌و پەسەند، خۆ دوورگرتن لە ڕژدیی، لێزان (حكیم) بوون لە بەخشیندا، نەزرکردن، ئاشکراکردن‌و پەنهانکردنی بەخشین، هەر کامیان لە شوێنی خۆیدا، بەر لە هەرکەس بەخشین بە کەسانی هەژاری بێدەرەتان کە بەهۆی جەنگ‌و جیهادو کاری ئیسلامییەوە دەرفەتی کارو کاسبیان نیە...هتد.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴿٢٦٧﴾ ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةً مِّنۡهُ وَفَضۡلًاۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ

عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٦٩﴾ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ ۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾ إِن تُبْدُوا۟ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٧١﴾ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٢﴾ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٤﴾ ﴾.

مانـــای وشـــە بە وشـــەی ئایەتەكـــان

((ئەی ئەوانەی بڕواتـان هێنـاوە! لەو سامانە باشـانەی كە بە دەسـتتان هێنـاونو لـەوەی كـە بۆمـان لـە زەوی دەرهێنـاون، ببەخشـن، وە بـۆ خراپەكەی مەگەڕێن، لێی دەبەخشن، بەڵام بەچاو لێنووقاندنەوە نـەبێ وەری ناگـرن، وە بزانن كە خوا بێ نیازی ستایش كـراوە ﴿٢٦٧﴾ شـەیتان لـە نـەداریی دەتانتـرسـێنێو بـە ڕژدیـی فەرمانتـان پـێ دەكـات، بـەڵام خـوا گفتی لێبوردنو بەخششی خۆیتـان پـێدەدا، وە خـوا (بەخشش) فراوانـی زانایــە ﴿٢٦٨﴾ حیكمــەت بــە هەركەســێك دەدا كــە بیــەوێ، وە بێگومــان هەركەسێك حیكمـەتی پێبـدرێ، ئـەوە خێـرو چـاكییەكی زۆری پێـدراوە، بەڵام خاوەن عەقڵان نەبێ پەند وەرنـاگرن ﴿٢٦٩﴾ وە هـەر ماڵێـك ببەخشـن یـان هـەر شـتێك لـەخۆتان بگـرن (نـەزری بكـەن) ئـەوە مسـۆگەر خـوا دەیزانـێ، وە سـتەمكارانیش هـیچ پشـتیوانیان نـین ﴿٢٧٠﴾ ئەگـەر خێـرو چاكەكانتان ئاشكرا بكەن، ئـەوە چاكتـرین شـتە، وە ئەگـەر پەنهانیـان بكـەنو بیاندەنــە هــەژاران، ئــەوە بــۆ خۆتــان باشتــرە، وە بەشـێك لـە خراپەكانتان لـێ دەسڕێتەوە، وە خوا بـە هەرچی دەیكەن شـارەزایە ﴿٢٧١﴾ هێنانە سەر ڕێی ڕاستیان لەسەر تـۆ نیـە، بـەڵام خـوا هـەر كەسێكی بوێ دەیخاتە سەر ڕێی ڕاست، وە هەر ئەندازەیەك لە خێرو چاكە بكەن، ئـەوە سوودەكەی بۆخۆتانـە، وە (ئێـوە) بەمەستی وەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدیی خـوا نەبـێ نابەخشـن، وە هـەر ئەندازەیـەك مـاڵ ببەخشـن، بـێ ئـەوەی ستەمتـــان لێبكـــرێ دەتـــاندرێتەوە ﴿٢٧٢﴾ (بـــا مـــاڵ بەخشـــینتان) بـــۆ هەژارانێك بێت كە لەڕێی خـوادا ڕێ لـێ بەسـتـراونو ناتـوانن بەزەویـدا

(بۆ کاسبی) بێنو بچن، بابای نا ئاشنایان لەبەر زێدە نەفس بەرزیی، بە دەوڵەمەندیان تێدەگات، (بەلآم ئەگەر باش سەرنجیان بدەی) بە نیشانەیان دەیانناسی (کە هەژارن) بە مکووڕیی‌و سووربوونەوە شت لە خەڵکی داواناکەن، وە هەر شتێکیش لە ماڵ ببەخشن، بێگومان خوا پێی زانایە ﴿٢٧٣﴾ ئەوانەی کە بە شەوو ڕۆژو بە پەنهانیی‌و ئاشکرا سامانەکانیان دەبەخشن، ئەوە بێگومان پاداشتی تەواوی خۆیان لەلای پەروەردگاریان هەیەو، نە ترسیان لەسەرەو نە خەمباریش دەبن﴿٢٧٤﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(أَنفِقُواْ)؛ واتە: ببەخشن (نَفَقَ الشَيءُ: مَضَى وَنَفِدَ، الإنْفَاقُ: قَدْ يَكُونُ فِي المَالِ، وغَيرِهِ، وَقَدْ يَكونُ واجباً وتَطوُّعاً)، (نَفَقَ) واتە: تێپەڕی‌و تەواوبوو، بەخشینیش لە ماڵو غەیری ماڵ دایەو جاری وا هەیە فەرزەو جاری واش هەیە سوننەتە.

(طَيِّبَٰتِ)؛ كۆی (طَيِّبَةَ)یە، (طَيِّبَةَ) واتە: زۆر چاكو سوودبەخش‌و زۆر بەتامو خۆش، دەگوترێ: (طَابَ الشَيءُ يَطِيبُ طَيْبَاً فَهُوَ طَيِّبٌ) واتە: شتەكە خۆشە یان بەسوودە، یان چاكە (فَهُوَ طَيِّبٌ) (طَيِّبٌ) واتە: شتی باش‌و بەلەززەت‌و خۆش‌و بەكەڵك (وأصْلُ الطَّيِّبِ: مَا تَسْتَلِذُّهُ الحَوَاسُّ ومَا تَسْتَلِذُّهُ النَّفْسُ) لە بنچینەدا (طَيِّب) هەر شتێكە كە هەستەكان تامی لێوەربگرن، بۆنێكی خۆش، تامێكی خۆش، ڕەنگێكی جوان، دەنگێكی خۆش، هەموو پێیان

دەگوترێ: (طَيِّب)، هەموو ئەو شتانەی کە خۆشن، وە هەرشتێك کە نەفس لەززەتی لێبکات، (طَيِّب)یان بۆ بەکاردێ.

(كَسَبْتُمْ)؛ واتە: بەدەستتان هێناوە، چونکە (كَسَبَ يَكْسِبُ) واتە: وەدەستی هێنا، وەدەستی دێنێ.

(وَلَا تَيَمَّمُوا)؛ واتە: (وَلاتقصُدُوا) مەبەستتان نەبێ، لێی مەخەفتێن، ﴿وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ﴾، واتە: کە خێر دەکەن لێی مەخەفتێن کام شتەی بەکەڵك نایە، ئەوە بکەنە خێر، ئەوەی کە بۆخۆتان ناتانەوێ، (تَيَمُّمْ)یش هەر بۆیە پێی دەگوترێ: (تَيَمُّمْ) وەك فەرموویەتی: ﴿... فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا... ﴿٦﴾﴾ المائدة، واتە: بگەڕێنو بخەفتێن لە گڵێکی پاك، ئەسڵی وشەی (تَيَمُّمْ) ئەوەیە کە تۆ بخەفتێیو بگەڕێی لە گڵێکی پاك.

(الْخَبِيثَ)؛ (الخُبْثُ والخَبِيثُ: ما يُكْرَهُ رَدَاءَةً وَخسَاسَةً، مَحْسُوساً كَانَ أَو مَعْقُولاً)، (الخُبْثُ) و (الخَبِيثُ): هەر شتێکە کە لەبەر خراپیی نەویستریێت، جا شتێکی بەرهەست بێ، یاخود لەڕووی مەعنەوییەوە بەکەڵك نەهاتووبێ، (الخَبائث جَمْعُ الخَبِيث: مَا لَايُوَافِقُ النَّفس مِن المَحْظُورات)، واتە: (خَبَائِث) کۆی (خَبِيث)ەو هەر شتێکە کە لەگەڵ سروشتی ئینسان سازگار نەبێو ئینسان پێی خۆش نەبێو پێی چاك نەبێ.

(إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِ)؛ مەگەر چاوی لێ بنووقێنن، ﴿وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِ﴾، واتە: ئەگەر بدرێ بە خۆتان وەرینـاگـرن، مەگەر چاوی لێ بنووقێنن، واتـە: مەگـەر لەبەر خـاتری خاتـران، یان بە ناچاریی ئەگەرنا ئامادە نین شتی خراپ وەربگرن، کەواتـە: شتی خراپیش مەکەنـە خێـر چـونکە، ﴿تُغۡمِضُواْ فِيهِ﴾، دەڵـێ: (الغُمْضُ: النَّوْمُ العَارِض) نووستنێکە کە بەسەرتدا دێ، (وغَمَضَ عَيْنَهُ وأَغْمَضَهَا وضَعَ إِحدى جَفْنَتَيْهِ عَلَى الأُخرَى) واتە: پێڵووی چاوی لەسەر پێڵووەکەی دیکە دانـا، چاوی نووقانـد، (ثُمَّ يُسْتَعَارُ للتَّغَافُلِ وَالتَّسَاهُلِ) دوایـی خواستـراوەتـەوە بـۆ شـتێك کـە بـە ناچاریی، یـاخود وەك بڵـێی لەبـەر خـاتران، وەریـدەگـری ئەگـەرنا وەریـناگـری.

(يَعِدُكُمُ)؛ واتـە گفتتـان پـێ دەدا، ﴿وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ﴾، وشـەی (يَعِدُكُم) لـە (وعـد)ەوە هـاتوە، (الوَعْدُ يَكُونُ فـي الخَـيْرِ والشَّـرِّ وفـي الْخَيْرِ أَكْـثَر)، وە (وَعْـد) لـە خێریشـدا بەکـاردێ لـە شەڕیشدا، بـەڵام زیاتر بـۆ خێـرو چاکـە بەکـاردێ، دەڵـێ: وەعـدی پێـداوە، واتـە: بـۆ چاکە، بـەڵام بـۆ خراپـە (وَعِيدُ) هـەیـە (أوعَدَهُ) واتـە: هەڕەشـەی لـێ کـرد (وعیـد) هەڕەشـەیە (وعد) بەڵێنـدانو گفـت دانـە بۆ شتی بـاش.

(بِٱلۡفَحۡشَآءِ)؛ هـەر کـردەوەیەکـی نـاقـۆڵایەو هـەر قسـەیەکی خراپـە، دەڵـێ: (الفُحْـشُ وَالفَحْشَـاءُ وَالفاحِشَـةُ: مَاعَظُـمَ قُبْحُـهُ مِـنَ

الأَفْعَالِ والأَقْوَالِ وَيُقْصَدُ بِهِ هُنَا البُخْلُ) وشەی (الفُحْشُ) وە (الفَحْشَاءُ) وە (الفاحِشَةُ) هەر قسەیەكەو هەر كردەوەیەكە كە زۆر ناقۆڵاو دزێوو ناڕێك بێ، بەڵام لێرەدا مەبەست لە (الفَحْشَاءِ)، واتە: چرووكییو ڕژدییو چنگ نووقاندن.

(أُوْلُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ): واتە: (أصْحَاب العقول) خاوەن عەقڵان، چونكە (ألبَاب) كۆی (لُبّ)ەو ئەمیش واتە: كاكڵ، بەڵام لە قورئاندا بەكارهێنراوە بۆ عەقڵ، بۆچی؟ چونكە وەك چۆن میوەیەك بەس بە هۆی كاكڵەكەیەوە بە كەڵك دێ، ئینسانیش هەر بەهۆی عەقڵەكەیەوە بەكەڵك دێو، ئینسان بە عەقڵ لە ئاژەڵو ژیانداران جیادەبێتەوە، جا دەڵێ: (اللُّبُّ: العَقْلُ الخَالِصُ مِنَ الشَّوَائِبِ)، (لُبّ): بریتیە لە عەقڵێ كە ساغ بووبێتەوە لە خلتە، وە بۆیەش وای ناو لێنراوە، چونكە هەر عەقڵە لە ئینساندا كە ئینسان بكات بە ئینسان، وە جیای بكاتەوە لە غەیری خۆی، وەك چۆن میوەیەكیش لەبەر كاكڵەكەی دەویسترێ، ئەگەرنا توێكڵەكەی كەس نایەوێ.

(نَّفَقَةٍ): (النَّفَقَةُ: اسمٌ لِمَا يُنْفَقُ)، (نفقة): ناوە بۆ هەر شتێك كە ببەخشرێ، پارەبێ، ماڵ بێ، خواردن بێ، بەرگ بێ، زەوی بێ، هەر شتێك ببەخشرێ وشەی: نەفەقەی بۆ بەكاردێ.

(نَذَرْتُم): واتە: نەزرتان كردبێ، لە خۆتان گرتبێ (النَّذْرُ: أنْ تُوجِبَ عَلَى نَفْسِكَ مالَيسَ بِوَاجِبٍ)، (النَّذْرُ): ئەوەیە تۆ شتێك لەسەر

خۆت پێویست بکەی کە لەسەرت پێویست نەبێ، وەك لە قورئانـدا هـاتوه: ﴿ ...إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا ... ﴿٢٦﴾ ﴾ مـریم، مـن بـۆ خـوای خاوەن بەزەیی ڕۆژووم لەخۆم گرتوه.

(فَنِعِمَّا هِيَ): واتـه: باشتـرین شـت ئەوەیـە، ئەسڵی خـۆی ئـەم وشـەیە (فَنِعْـمَ ماهِـيَ)یـە، واتــە: ئـا ئـەو کـارە، ئـەو شـتە باشتـرین شـتە (ونِعْـمَ: کَلِمَـةُ الـمَـدْحِ فـي مقابـل بِئـسَ للـذم)، عــەرەب ئەگــەر بیـانەوێ شـتێك مەدح بکـەن، دەڵـێن: (نِعْـمَ) بۆ وێنـە: (نِعْـمَ الـرَّجُـلُ مُحَمَّـدٌ) موحەممـەد باشتــرین پیاوە (بِـئس)ەش، بـۆ زەممــە، وەك: (بِئْسَ الـرَّجُـلُ زَیْـدٌ) خراپتـرین پیــاو زەیدە.

(خَيْرٌ لَّكُمْ): واتــە: بـۆ ئێـوە چاکتــرە (الخَیْـرُ: مـا یَرْغَـبُ فیـهِ الکُلُّ، وَضِدُّهُ الشَـرُّ)، (خَیْـر) هەر شـتێکە کە هەموو لایەك ئارەزووی بکەن، پێچەوانەی (شـرّ)ە، واتە: خـراپ یـان خراپتـر.

(هُدَىٰهُمْ): (الـهُدی: دِلاَلَـةُ بِلُطْـفٍ) واتــە: ڕێنمایی، یـان خسـتنە سـەر ڕێ بە شـێوەیەکی نـەرمو هـێدیی.

(وَجْـهِ ٱللَّهِ): بە چـەند واتـایەك هــاتوه: خـۆی (وجـه) واتـە: ڕوو (وجـه الله) واتە: ڕووی خـوا، بـەڵام لێـرەدا یـان مەبەست پێی ڕەزامەندیی خوایـە (مَرْضَـاة الله)، یان مەبەست پـێ زاتی خوایـە (ذَات الله)، یـان مەبەسـت پـێ دیـداری خـوایە (لِقَـاء الله)، یان مەبەسـت پـێ ڕووی خوایــە، واتـە: سـیفەتێك بـۆ خـوا، کـە بـۆ خـوا شـایسـتەیە، ڕووی

خــوا، ئەگــەر سـیفەت بـێ دەڵێــین: سـیفەتێکە کـە بـۆ خـوا شـایسـتەیەو، وەك هی دروستکراوەکان نیـە.

(يُوَفَّ إِلَيْكُمْ)؛ واتــە: بەتــەواویی دەتاندرێتــەوە، چونکــە دەڵــێ: (الوَافي: الّذِي بَلَـغَ التّمَـامُ)، (وَافـي): واتە شـتێك کە تـەواوبووبێ (وأوفـى: إذَا تـمَّمَ العَـهْـدَ وَلَـمْ يَنْقُـضْ حِفْظَـهُ) واتـە: پەیمانەکـەی تـەواوکردو هەڵینەوەشـاندەوە، وەك خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَإِبْرَٰهِيمَ ٱلَّذِى وَفَّىٰٓ ﴿٣٧﴾ ﴾ النجم ، واتــە: ئیبـــڕاهیمێك کــە بەتــەواویی جێبەجێی کرد، چی جێبەجێ کرد ؟ پەیمانێك کە بە خوای دابوو.

(لِلْفُـقَرَآءِ)؛ واتــە: هــەژاران، لــە قورئــاندا دوو وشــە بــەکارهاتوون: (فُقَـرَاء)و (مَسَـاكِين)، مــن (فَقِيـر)م بــە هــەژار لێکداوەتــەوەو (مسكِين)یـش بـە نـەدار، چونکە دەڵـێ: (أصْـلُ الفَقِيـر: المكسـورٌ الفِقَار)، (فَقِير) لە ئەسڵدا ئەوەیە کە بڕبڕەی پشتی شکابێ (يُقَـالُ: فَقَرْتـهُ فـاقرَةٌ) واتـە: شـتێك پشـتی شـکاند، کەواتـە: هـەژار کەسێکە هیچی نیە، وەك چۆن کەسێك کە پشتی دەشکێ ناجووڵـێو ئیفلیج دەبـێ، بابــای هــەژاریش هیچـی نیـەو هیچـی لـە دەسـت نایـێ، (مسكين)یش نەدارە، واتە: کەسێك کـە شـتێکی هەیـە بـەڵام بەشـی ناکات، چونکە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الكهف)دا دەفـەرموێ: ﴿ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَٰكِينَ يَعْمَلُونَ فِى ٱلْبَحْرِ... ﴿٧٩﴾ ﴾، واتــە: بـــەڵام کەشتییەکە هی کۆمەڵێك نەدار بوو کە ئیشیان دەکـرد لـە دەریـادا،

کەواتە دیارە کۆمەڵێك خەڵك بوون، کەشتییەکیان هەبووە، کەواتە: (مسکین) کەسێکە شتێکی هەیە، بەڵام بەشی ناکات، بەس (فَقِیر) ئەوەیە کە هیچی نیە.

(أُحْصِرُوا)؛ واتە: ڕێیان لێگیراوە (الحَصرُ: التَضیيقُ)، (حَصْر) واتە: تەنگ پێ هەڵچنین (حَصیراً، أي: حَابِسَاً، فالإحْصَارُ يُقَالُ: في المَنْعِ الظَاهر والباطن) شتێك شتێك حەپس بکات، جا وشەی: (إحْصَار) چ بە ڕواڵەت ڕێی لێگیرا بێ، چ بە پەنهانیی هەردووکی دەگرێتەوە.

(ضَرۡبًا فِي ٱلۡأَرۡضِ)؛ واتە: بە زەویدا بڕۆن، بۆچی وا گوتراوە؟ دەڵێ: (الضَّرْبُ إيقَاعُ شَيءٍ عَلَى شَيءٍ، والضَّربُ في الأرض الذهاب فيها وضَربها بالأرجُل)، (ضرب) بریتیە لەوەی شتێك لە شتێك بدەی، ئەوە پێی دەگوترێ: (ضرب) جا لەبەرئەوەی کەسێك کە بە زەویدا دەڕوا دەبێ پێ بە زەویدا بدات، بۆیە (ضرباً في الأرض) واتە: بە زەویدا ڕۆیشتن.

(ٱلۡجَاهِلُ)؛ بە مانای نەفام یان نەزان دێ، بەڵام لێرەدا (غَیر العَارف أي: مَن لايَعْرِفُ حالَهم) واتە: کەسێك کە نایانناسێ، بابای نا ئاشنا، باسی ئەو هەژارە ئیماندارانە دەکات، کە لەبەر نەفس بەرزیی کەسێك کە نەیانناسێ، بە دەوڵەمەندیان تێدەگات، چونکە هێندە نەفس بەرزن، خۆیان بە فەقیرو ڕووتو ڕەجاڵ پێشان نادەنو، کەسێك کە پێیان ئاشنا نەبێ، بە دەوڵەمەندیان تێدەگات، بەڵام

ئەوەی بیانناسێ لە نزیکەوە دەزانێ وەزعیان چۆنە.

(ٱلتَّعَفُّفِ): ﴿ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ ﴾، (التَّعَفُّف) لە (عِفَّة)ەوە هاتوە (العِفَّةُ: حُصولُ حَالَةٍ لِلنَّفْس تَمْتَنِع بِهَا عَنْ غَلَبَةِ الشَّهْوَةِ) دەڵێ (العِفَّة) واتە: (عِفَّة) حاڵەتێکە بۆ نەفس پەیدادەبێ، کە بەهۆی ئەو حاڵەتەوە نەفس بەدوای ئارەزوو ناکەوێ، جا ئینسانی عەفیف، بە داوێن پاك دەگوترێ کە ئارەزووی خۆی کۆنترۆڵ کردوە، وە ئینسانی عەفیف بە ئینسانی نەفس بەرز دەگوترێ، کە چاوی لە دەستی خەڵك نیە، کەواتە: ئینسانی عەفیف، واتە: هەرکەسێك کە خۆی پاك ڕادەگرێو بە دوای ئارەزووان ناکەوێ، (تعفف)یش لەسەر وەزنی (تَفَعُّل) واتە: کەسێك خۆی مەرزەم دەکاتو خۆی کۆنترۆڵ دەکاتو خۆی پاك ڕادەگرێ.

(بِسِيمَٰهُمْ): واتە بە نیشانەیان (سیما) واتە: نیشانە (السيماء والسيمياء: العَلاَمَةُ، و سَوَّمتُهُ أَعْلَمْتهُ)، (سيماء وسيمياء) واتە: نیشانە (سوَّمتُهُ: أَعْلَمْتهُ) واتە: نیشانەدارم کرد.

(إِلْحَافًا): (أي إلحاحًا) (إلحاف) واتە: شتێك کە زۆر بە سووریی داوای بکەیو زۆری لەسەر بچی (وَأَصْلُ الإلحافِ مِنَ اللِّحَافِ الَّذي يُغَطَّى بِهِ) ئەسڵی وشەی (إلحاف) لە (لِحاف)ە، واتە: لێفە، ئەوەی ئینسان خۆی پێ دادەپۆشێ، وەك بڵێی ئەو کەسەی کە زۆر داوا دەکات، وەك لێفەیەك وایە پێتەوە لکابێو لە کۆڵت نەبێتەوە.

هــۆی هاتنــە خوارەوەی ئایەتەكــان

١) هــۆی هاتنــە خــوارەوەی ئــەو ڕســتە قورئانییــەی كــە دەفــەرموێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ﴾ {(عَنِ البَراءِ بْنِ عَازِبٍ رضي الله عنه قَالَ: نَزَلَتْ فِينَا مَعْشَرَ الأنصَار، كُنَّا أصْحَابَ نَخْلٍ فَكَانَ الرَّجُلُ يأتي مِن نَخْلِهِ عَلَى قَدْرِ كَثْرَتِهِ وقِلَّتِهِ، وَكَانَ الرَّجُلُ يأتي بالقِنو والقِنوين فَيُعَلِّقُهُ في المسجدِ، وَكَانَ أهلُ الصُّفَّةِ لَيْسَ لَهُم طَعَامٌ، فَكَانَ أَحَدُهُمْ، إذَا جَاعَ أَتَى القِنوَ فَضَربهُ بعَصَاهُ فيسقط مِن البُسْرِ وَالتَّمْرِ فيأكُلُ، وَكَانَ نَاسٌ مِمن لا يرغبُ في الخَيرِ يأتي الرَّجُلُ بالقِنوِ فيه الشيصُ والحَشَفُ وبالقنو قَدْ انكسرَ فَيُعَلِّقُهُ، فأنزَلَ اللهُ تعالى: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ ۚ ... ﴾، قَالَ: لَو أنَّ أحَدَكُم أُهْدِيَ إليهِ مِثْلُ ما أعْطاهُ، لَمْ يأخُذْهُ إلاَّ عَلَى إغمَاضٍ وحَيَاءٍ، قَالَ: فَكُنَّا بَعْدَ ذلك يأتي أَحَدُنَا بصَالحِ ماعِنْدَهُ) (رَواهُ ابْنُ جَرِير، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٩٨٧)، وَصَحَّحَهُ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٨٢٢)، وَابْنُ أبي حاتِم، وَالحَاكِمُ وَصَحَّحَهُ البَيْهَقِيُّ وَابْنُ المُنذِرِ وَابْنُ أَبي شيبة وعَبْد بْنُ حُمَيد، وَصَحَّحَهُ الألباني} ، واتە: بەڕائی كوڕی عازیب خوای لێ

ڕازی بێ دەڵێ: ئەم ئایەتە لەسەر ئێمە هاتەخوار، ئێمەی کۆمەڵی پشتیوانان خاوەنی باغی خورما بووین، پیاوێك لە ئێمە دەچووە لای باغە دارخورمایەکانی، ئەوەی کە زۆری هەبووایەو ئەوەی کە کەمی هەبووایە، کابرا هێشوویەکی دەهێنا، یان دوو هێشووی دەهێنا {(قِنو) واتە: هێشووی خورما} لە مزگەوتی هەڵیدەواسی وە ئەهلی (صفة) {(صفة) شوێنێك بووە بەر هەیوانێك بووە شوێنێکی بەرز بووە ئەوانەی کە ماڵو حاڵیان نەبووەو نەدارو هەژار بوونو لەوێ بوون} ئەوانە هیچ خواردنیان نەبووە، یەکێك لەوانە ئەگەر برسی بووایە دەهات ئەو هێشووە خورمایە کە هەڵواسراوە بە گۆچانەکەی لێی دەداو هەندێك فەریکە خورما یاخود خورمای گەیشتوو، دەکەوتنە خوارێو دەیخواردن، جا کەسانێك هەبوون لەوانەی زۆر ئارەزوویان لە خێرو چاکە نەبوو، پیاوێك لەوان دەچوو هێشوویەکی دەهێنا کە خورمای بێکەڵك یان خورمای ڕەقو تەقو نەگەیشتوو، یان هێشوویەك کە شکابوو، ئەوەی دەهێناو هەڵیدەواسی {واتە: خورمایەك کە بۆخۆی پێ ڕازی نەبووو بەکەڵك نەدەهات}، ئیدی خوای پەروەردگار لەوبارەوە ئەو ئایەتەی ناردە خوارێ: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! لەو ڕۆزییە پاکو چاکانەی وەدەستتانهێناوەو لەوەی لە زەوی بۆمان دەرهێناون ببەخشن، وە مەخەفتێن بۆ ئەو شتەی کە بە کەڵك نایە {جا ئەوە لێرەدا دەربارەی خورما ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، بەڵام هەموو شتێکی دیکەش هەر وایە، مرۆڤ بۆ وێنە: دەیەوێ مەڕێکی بکاتە خێر، با نەگەڕێ کام مەڕی لاوازەو نەخۆشەو بەکەڵك نایە ئەوە بکاتە خێر،

یاخود یەکێك بەرگو پۆشاك دەكاتە خێر، یان پارە دەكاتە خێر، یان دەغڵ دەكاتە خێر، هەر شتێك دەكاتە خێروچاكە، با بۆ كامەی خراپە بۆ ئەوە نەگەڕێ بەڵكو شتی باش ببەخشێ، كە بۆخۆی پێی چاكە، ئەگەر بیدرێتێ كامەی پێ چاكە بۆخۆی، با لە هەمان شتیش بدات بە خەڵكی}.

جا بەڕاء دەڵێ: بە دوای ئەوەی ئەم ئایەتە هاتە خوارێ، ئێمە كامە ماڵی باشمان هەبوو ئەومان دەهێنا پێشێ، كە ئایەتەكە نەهاتبووە خوارێ هەموو نەوعی تێدا هەبووە، هەبووە هی چاكی هێناوەو هەبووە هی خراپ، بەڵام دوای ئەوە كەس شتی خراپی نەدەهێنا، خوا لێیان ڕازی بێ ئەوانە وەختێ خوای بالآدەست شتێكی پێ فەرموون، یەكسەر جێبەجێیان كردوە.

٢) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی، كە دەفەرموێ: ﴿ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾، ڕێنماییكردنی ئەوان، یان خستنە سەر ڕێی ئەوان، لەسەر تۆ نیە (ئەی پێغەمبەر) بەڵكو خوا هەركەسێك بیەوێ ڕێنمایی دەكا، لەوبارەوە چەند شتێك باسكراوە:

أ- یەكێكیان: {(عَنْ ابنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه قَالَ: كَانوا يَكرَهونَ أَنْ يَرضَخوا لأنسابِهِم مِن المُشرِكينَ، فَنَزَلَتْ هذِهِ الآيَة: ﴿ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ ﴾، إلى قَولِهِ: ﴿ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴾ فَرَخَّصَ لَهُم)، رَوَاهُ الحَاكِمُ برقم: (٧٢٦٤) وَصَحَّحَهُ، وَالبَيْهَقِيُّ، وَالضِياء

فـي الـمُختـارة، وَصَحَّـحَهُ الألبـاني}، واتــە عەبــدوڵڵای کــوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ دەڵێ: مسوڵمانان {هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان ڕازی بێ} پێیان ناخۆش بوو ماڵی خۆیان ببەخشن بە خزمەکانیـان لەوانەی کە کـافرو بت پەرسـت بوون، خوای دادگەریش ئەم ئایەتەی ناردە خوارێو مۆڵەتیدا.

ب- هەروەها ئـەم دەقـەش لەوبارەوە هاتوە: {(عَنْ ابنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنهُمـا قَـالَ: إنَّ النَّبِـيَّ ﷺ كَـانَ يأمُرُنـا أنْ لا نَتَصَـدَّق إلاَّ عَلَى أَهْلِ الإسلام، حَتَّى نَزَلَتْ هَذِهِ الآيـة، فأمَرَ بالصَدَقَةِ بَعْدَهـا عَلَى كُلِّ مَن سـأَلَكَ مِن كُلِّ دين) (رَوَاهُ ابـنُ أبـي حـاتم وابـن مردَوَيْـة والضـياء فــي المُختـارة)، ئـەوەش ڕیوایـەتێکی دیکەیـە عەبدوڵڵای کوڕی عـەبباس خـوا لێیـان ڕازی بـێ دەڵێ: پێغەمبـەری خوا ﷺ بۆخۆی فەرمانی پێ دەکـردین کە خێـرو چاکە نەکەینو مـاڵ نەبەخشـین مەگـەر بەوانـەی کـە ئەهلـی ئیسلامن، هەتـا ئـەم ئایەتە هاتە خوار، دوای هاتنە خـواری ئـەم ئایەتـە، ئنجا پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی کـرد، کـە هــەر کەسـێك داوای لێکـردین هاوکـاریی ماددیی بکەین، خاوەنی هەر دینێك بێت.

٣) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ڕستە قوڕئانییـەی، کـە دەفـەرموێ: ﴿ إِن تُبۡـدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِـمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَـا ٱلۡفُـقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ ﴾، ئەگــەر خێــرو چاکەکــانتان ئاشــکرا بکــەن، ئــەوە باشـترین شتە کە بە ئاشکرا بیبەخشن، بەڵام ئەگەر بیشی شارنەوەو بیدەن بە هەژاران، ئەوە بۆ ئێوە چاکتـرە، لەوبارەوە ئـەم بەسەرهاتە

هەیە: {(قَالَ الكَلبيُّ: لَمَا نَزَلَ قَولُهُ تَعَالى: ﴿ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ ... ﴾ قَالوا: يا رَسُولَ اللهِ! صَدَقَةُ السرِّ أفضَلُ أم صَدَقَةُ العَلانيةِ ؟ فأَنزَلَ اللهُ تَعالى هذهِ الآيةَ) (أسباب النزول للنيسابوري، ص (٦٢)}، واتە: کەلبیی (کە یەکێکە لە زانایان ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێ: کاتێ قسەی خوای بەرز هاتە خوار ﴿ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ ... ﴾، هەر ماڵێك ببەخشنو هەر نەزرێك بکەن خوا دەیزانێ، هاوەڵانی بەرێز گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ماڵ بەخشینی پەنهان باشترە، یان ماڵ بەخشینی ئاشکرا ؟ خوای بەرز ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ، کە دوایی لە مەسەلە گرنگەکانو حیکمەتەکاندا، دەیخەینەڕوو کە هەر کام لە: بە پەنهانیی بەخشینو بە ئاشکرا بەخشین، شوێنی تایبەتی خۆی هەیەو جاری وایە واچاکە پەنهان بێو، جاری واش هەیە واباشە کە بە ئاشکرا بێ.

مانـــای گشـــتی ئایەتەكـــان

خوا ﷻ لەسەر ئاڕاستەكردنو ئامۆژگارییكردنی مسـوڵمانان لـە بـواری ماڵبەخشـینو چاكەكارییـدا بەردەوامـەو ڕوو لـە بـڕواداران دەكـاتو دەفـــەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە ! لـەو سـامانە چاكو سوودبەخشو پەسندەی كە وەدەسـتتان هێنـاوە، وە لـەوەی كـە لـە زەوی بۆمـــان دەرهێنـــاون، ببەخشـــن ﴿ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ ﴾، توێـــژەروانی قوڕئـــان گوتوویانـــە: واتـــە: ئـــەوەی لـــەڕێی بازرگانییـــەوە پەیـدابووە، وە: ﴿ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ ﴾، یـانی: ئـەوەی لـەڕێی كشتوكاڵەوە پەیدادەبێ وەك: باغو دانەوێڵەو...هتد، واتە: كامـەی چاكە، چ ئەوەی لە ڕێی كڕینو فرۆشتنو بازرگانییـەوە، چ لـە ڕێـی كشـتوكاڵو چاندنو ئەوانەوە وەدەستتان هێناوە، كامەی باشە، لەوە ببەخشـن ﴿ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ ﴾، وە بۆ پیسەكەیو بۆ خراپەكـەی مەخـەفتێن، كامـەی خراپـــەو بـــە كـــەڵك نایـــەت بـــۆ ئـــەوە بخـــەفتێن! ﴿ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ ﴾، لێـی دەبەخشـن، بـەڵام قـەت لـەو جـۆرە وەرنـاگرن ﴿ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِ ﴾، مەگـەر چاوی لـێ بنـووقێنن، واتـە: مەگـەر بەشـەرمدا بكەون، كەسێك شتێكت دەداتێ، دەزانی بەكەڵك نایەت، بەڵام لەبـەر دڵـی وی، یـان بە هـەر حاڵ بـە هـەر هۆیـەك بێ، چاوی لـێ دەنـووقێنیو بـە

چاوپۆشییەوە وەریدەگری، ئەگەرنا ئەگەر ناچاریی نەبێ وەریناگری، واتە: ئەوەی کە بەخۆتان بە ناچاری نەبێ وەریناگرن، مەشیدەن بە خەڵکی ﴿ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴾، وە بشزانن خوا بێنیازەو ستایش کراوە، خوا دەوڵەمەندە بۆتان قەرەبوو دەکاتەوە، وە خوا ستایش کراوە، دەجا ئێوەش شتی وا بکەن لەسەری ستایش بکرێن، ئینسان لەسەر چ ستایش دەکرێ لەسەر ماڵ بەخشینی باش، شتێکی خراپ ببەخشێ لەسەری زەم دەکرێی، بۆیە هەر نەیکەی چاکترە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِ ﴾، شەیتان گفتی هەژارییتان پێدەدا، یاخود هەڕەشەی هەژارییتان لێ دەکات، دەڵێ: ئەگەر ببەخشن هەژار دەکەون ﴿ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِ ﴾، وە فەرمانیشتان پێدەکات بە چرووکیی‌و ڕژدیی، کە لە خراپترین سیفەتەکانە ﴿ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ ﴾، بەلام خوا گفتی لێبوردنێك لە خۆیەوە، وە بەخششێك لە خۆیەوەتان پێ دەدا، کە هەم لێتان ببووریّو هەم پێشتان ببەخشێ، هەم لە دنیاداو هەم لە دوارۆژدا ﴿ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ﴾، وە خوا فراوانی زانایە، خوا سیفەتەکانی هەموو فراوانن، وە زاناشە، بەخششی زۆری هەیە، هەر ئەندازەیەك بیەوێ دەبەخشێ، وە زاناشەو دەزانێ بە کێ دەبەخشێ‌و، چەندی دەداتێ‌و چۆنی دەداتێ ؟ ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ ﴾، حیکمەت بە هەرکەسێك دەدا کە بیەوێ، خوا حیکمەت بە هەرکەسێك دەدا کە بۆخۆی بیەوێ‌و بە شایستەی بزانێ، حیکمەت چییە ؟ ڕەوشت‌و

بەهای بەرزو جوان، یاخود لە نیشانەدان لە قسەو لە کردەوەدا، قسەی بەجێو کرداری بەجێ، بەڵام وا پێدەچێ مەبەست پێی ڕەوشتو ئەدەبو بەهای بەرزو جوان بێ، وەك پێشتریش گوتوومانە: کە یەکێك لە ڕەوشتو بەها بەرزەکان، ئەوەیە کە ئینسان ماڵی باش ببەخشێو شتێك ببەخشێ کە بۆخۆشی حەزی لێ دەکاتو، پێی خۆشە لەو جۆرە پێی ببەخشێ ﴿ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا ﴾، وە هەرکەسێك حیکمەتی پێ بدرێ، خێرو چاکەیەکی زۆری پێدراوە، کە بەڕاستی ماڵ بەخشینیش پێویستی بە حیکمەت هەیەو پێویستی بە لێزانییو بە کارامەیی هەیە ﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾، وە پەند وەرناگرن بێجگە لە خاوەن عەقڵان، بێجگە لەوانەی کاکڵیان هەیە، کە کاکڵی ئینسان بریتیە لە عەقڵەکەی.

﴿ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ ﴾، وە هەر نەفەقەیەك ببەخشنو هەر نەزرێك لەخۆتان بگرن، خوا دەیزانێ ﴿ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾، وە ستەمکاران هیچ پشتیوانو دۆستو یارمەتی دەرێکیان نیە، واتە ئێوەش ستەم لەخۆتان مەکەن، بەجۆرێك ماڵ ببەخشن کە بەکەڵك نەیەت، یاخود نەزرێك بکەن کە لەجێی خۆیدا نەبێ، شتێك لەخۆتان بگرن بۆ مەبەستێکی خراپ، ئەگەر وا بکەن، ئەوە زوڵم لە خۆتان دەکەن، وە خوا بە هەموو شتێك ئاگادارەو ئێوە شتی وامەکەن کە سەرەنجام ستەمکار بێنەدەرێ، لە تەرازووی خوادا.

ئنجا دوای ڕوونکردنـەوەی جۆری شـتی بەخشـراو، دێتـە سـەر باسـی چـۆنیەتیو شـێوازی بەخشـینو دەفـەرموێ: ﴿ إِن تُبۡدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ ﴾، ئەگـەر خێرو چاکەکانتان ئاشکرا بکەن، باشـترین شـتە بـۆ ئێوە، بـەڵام لـەکاتی خۆیو لە شوێنی خۆیدا، وە ئەگەر پەنهانی بکـەنو بیـدەن بـە هـەژاران، ئەوەش چاکتـرە بۆ ئێوە، ئایا ئەمە چی لێوەردەگیـرێ؟! جاری وا هەیـە ماڵ بەخشین وا باشە بە ئاشـکرا بـێ، چ کاتێـك؟ کاتێـك کـە تـۆ لـە خـۆت ئـەمینی لێت نابێتـە ڕیـا، وە لـە بابـای خێـر پێکـراو ئـەمینی دڵـی پـێ ناشکـێ، کەسـێك دێ لـە شـوێنێك سـواڵ دەکـات، یـان داوا دەکـات لـە مەجلیسـێکـداو شـەرم ناکـات، ئەگـەر چـاکەت لەگـەڵ کـرد بـەخۆدا بشـکێتەوە، وە کاتەکەشـی وایـە کـە ئەگـەر تـۆ هاوکـاریی بکـەی، ڕەنگـە خەڵکی دیش چاو لە تۆ بکات، لەو حاڵەتەدا ئاشکراکردنی باشتـرە، بـەڵام لە حاڵەتێکدا کە کەسەکە ئەگەر بێتو لەپێش چاوی خـەڵکی هاوکـاریی بکەی، دڵی پێ بشکێ، یاخود بۆخۆت لەخۆت دڵنیـا نـەبیو ڕەنگـە لێـت ببێتە ڕیـا، یاخود وا نەبێ کەس تەماشای تۆ بکات، ئەوە هـیچ حیکمـەتی تێدانیــە ئاشـکرای بکـەیو، واباشـە بـە پـەنهانیی بـێ، کـەواتە: خێـرو چاکە وانیـە بڵێی هەمیشە بە پەنهانیی باشـە، یان هەمیشـە بـە ئاشـکرا باشە، جاری وا هەیـە بە پەنهانیی باشـە، کە بەزۆریی وایـەو، جاری واش هەیـە بە ئاشـکرا باشـە، ئەگـەر خەڵکی دیکە تەماشـای تۆ بکـاتو ببیـە سەرمەشـق بۆیـان ﴿ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمۡ ﴾، وە خـوا لـە خراپەکـانتان لێتـان دەسـڕێتەوە، واتـە: لـە ئـەنجامی مـاڵ بەخشینـدا

﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾، وە خوا بەوەی کە دەیکەن شارەزایە، باش شارەزایە دەزانێ چۆن دەیکەن؟ بۆچی دەیکەن ؟ بە چ شێوەیەك ؟

ئنجا لەبەرئەوەی ئەوانە کە خێرو چاکەیان لەگەڵدا دەکرێو ماڵیان پێ دەبەخشرێ هەیە مسوڵمانە، هەیە مسوڵمان نیە، هەیە پارێزکارە، هەیە گوناهبارە، هەر لەنێو مسوڵمانانیشدا، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ ﴾، ڕێنماییکردنی ئەوانو خستنە سەر ڕێی هیدایەتی ئەوان، لەسەر تۆ نیە ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ ﴾، بەلام خوا هەر کەسێکی بوێ هیدایەتی دەدات، کەچی تۆ زۆریشت پێخۆشە کەسێك هیدایەت وەربگرێو ناشتوانی، کەواتە: ماڵ بەخشینەکەتان پەك مەخەن لەبەر ئەوەی ئەو کەسە هیدایەت نەدراوە، یان لەبەر ئەوەی کە بە ئینسانێکی باشی نازانی لەڕووی دینداریيەوەو تێبینیت لەسەری هەیە ﴿ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَلِأَنفُسِكُمۡ ﴾، وە هەر ماڵێك ببەخشن، ئەوە سوودەکەی بۆخۆتانە ﴿ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِ ﴾، وە نابەخشن مەگەر بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا، واتە: ئەگەر مسوڵمانی باش بن، هەر ئاوا دەبەخشنو تەنیا هاندەرتان وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا دەبێ ﴿ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ﴾، وە هەر ماڵێك ببەخشن بەتەواویی پاداشتتان دەدرێتەوە، وە هیچ ستەمتان لێناکرێ، یانی: دەربەست مەبن کە بڵێن: تۆ بڵێی ئەو بابایە پێی بشێ ؟ تۆ بڵێی موستەحەق بێ، موستەحەق نەبێ ؟ ئینسان دەبێ چاو وردبکاتەوە لە

شوێنی شیاوی خۆیدا ماڵەکەی دابنێ، بەڵام جاری وا هەیە دەکەویە حاڵەتێکەوە، کەسێك داوای شتێکت لێدەکات کە بە لێقەوماو دێتە بەرچاو، پێویست ناکات زۆر تەحقیق بکەی: تۆ بڵێی وابێ وانەبێ ؟ هەڵبەتە ئینسان واباشە ماڵی خۆی بە لێزانانە ببەخشێ بەو کەسانەی کە شایستەنو پێیان دەشێ، بەڵام جاری واش هەیە واباشە زۆر ئەو وردەکارییە نەکەیو، پاداشتیش لەسەر خوایەو خوای پەروەردگار ستەم لە کەس ناکات.

ئنجا بۆمان ڕووندەکاتەوە کە بە کێ ببەخشینو زیاتر تیشکی دەخاتە سەر: ﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ماڵو سامانی خۆتان ببەخشن بەو هەژارانەی کە لەڕێی خودا ڕێیان لێگیراوە، واتە: بەهۆی جەنگو جیهادکردنەوە، بەهۆی کاری ئیسلامییەوە، بوارو دەرفەتی کارو کەسابەتیان نیە، وەك خەڵکی دی، هەڵبەتە مەبەست لە: ﴿ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، تەنیا جەنگو جیهاد نیە، بەڵکو هەر کەسێکە کە بە خزمەتی ئیسلامو مسوڵمانانەوە خەریکە، بۆ وێنە: مامۆستایەکە لە شارێك، لە گەڕەکێك، لە دێیەك مامۆستایەتی دەکات، یان قوتابییەکی زانستی شەرعییە، یان قوتابییەکی دیکەیەو ئومێدی خێری لێ دەکرێ، یان بانگخوازێکە، یان هەرکەسێکە کە لە ئەنجامی ئەوەدا کە بە کارێکەوە سەرقاڵە بە قازانجی خەڵك تەواو دەبێ، مەجالی کارو کەسابەتی نیە، ئا بەو جۆرە کەسانە ببەخشن، جا خوا سیفەتەکانیان باس دەکاتو دەفەرموێ:

١- ﴿ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ناتوانن بەزەویدا بڕۆن، واتە: توانای جووڵانو کارو کەسابەتیان نیە.

٢- ﴿ يَحۡسَبُهُمُ ٱلۡجَاهِلُ أَغۡنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ ﴾، ئەوەی پێیان ئاشنا نەبێ، هێندە خۆ پاك ڕاگرن، هێندە نەفس بەرزن، بە دەوڵەمەندیان لێ حاڵی دەبێ! ئەوانە بدۆزنەوە، ئەوەی کە سواڵێ دەکاو دیارو ئاشکرایە، ئەوە یەکی ناکەوێ، بەڵام هەیە پێی عەیبە داوا بکاتو نەفس بەرزە، عیززەتی نەفسی هەیەو عیففەتی هەیە، تۆ دەبێ چاو بۆ ئەوانە بگێڕی.

٣- ﴿ تَعۡرِفُهُم بِسِيمَٰهُمۡ ﴾، ئەگەر مەبەستت بێ بە سیماو نیشانەکانیان دەتوانی پەیدایان بکەیو بیانناسی.

٤- ﴿ لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ ﴾، داوا لە خەڵك ناکەن بە سووربوونو بە مکووڕیی، هەڵبەتە مەبەستی ئەوەیە کە هەر داوا ناکەن، بەڵام بۆیە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ ﴾، وە نەبێ بەبێ سووربوون (إلحاف) داوا بکەن، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە وەك هەندێ کەس نین، کە زۆر داوابکەنو یەخەی خەڵك بگرن، بەڵکو لە ماڵی خۆیان دانیشتوون، ئەگەر لە برسان بمرن، عیززەتی نەفسیان ڕێیان لێ دەگرێ کە سواڵ بکەنو داوا بکەن ﴿ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴾، وە هەر ماڵێك ببەخشن، بێگومان خوا پێی زانایە.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ ﴾، ئەوانەی ماڵو سامانەکانی خۆیان

دەبەخشن، بە شەو بە ڕۆژ، بە پەنهانییو بە ئاشكرا ﴿ فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، ئـا ئەوانـە پاداشـتیان لای پەروەردگاری خۆیانیـان هەیـە، وە نـە ترسـیان هەیـە بـۆ داهـاتوو، وە نـە خـەمباریش دەبـن بـۆ ڕابـردوو، لێـرەدا خـوا ﷻ چـوار حاڵەتی بۆ ماڵ بەخشین دیاریی كردوون: بە شەو، بە ڕۆژ، بە پەنهانیی، بە ئاشكرا، چونكە جاری وایە پێویست دەكات بە شەو ببەخشیو جاری وا پێویست دەكات بە ڕۆژ، وە جاری وایە پێویست دەكات بە ئاشكراو جاری وایە پێویست دەكات بە پەنهانیی، بەپێی حاڵەتی كەسەكان كە یارمەتییان دەدەیو، بەپێی حاڵەتی ئەو كەسانەی كە پێویستییان هەیە، وەك باسمان كرد حیكمەت ئەوەیە كە هەركەسە، وە هەر حاڵەتە بەپێی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، وەك گوتراوە (لِكُلِّ مَقَامٍ مَقَالْ)، واتە: بۆ هەر حاڵەتە قسەیەك هەیە.

چەنـــد مەســـەلەیـەكــی گرنـــگ

<u>مەسـەلـەی یەكەم</u>: خوا ﷻ كە دەفـەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ﴾، واتە: ئـەی بڕوادارینە ! ببەخشن لەو ماڵو سامانە چاكەی كە وەدەستتان هێناوە، وە لـــەوەی كـــە لـــە زەوی بۆمـــان دەرهێنـــاون، توێـــژەرەوانی قوڕئـــان لـەوبارەوە كـە ئایـا مەبەسـت پێـی مـاڵ خـەرجكردنی فـەڕزە، یـان هـی سوننەت ؟ قسەو باسی زۆریان كردوە، بەڵام واپێدەچێت ڕای ڕاستتـر ئەوەبێ كە مەبەست پێی هەردووكیانە، واتە: خوا ﷻ لێـرەدا فـەرمان دەكات بە مسوڵمانان، كە لـەو مـاڵو سـامانەی لەبەردەستیان دایـە، چ ئـەوەی لـەڕێی كەسـابەتو بازرگانییـەوە وەدەسـتیان هێنـاوە، وە چ ئەوەی لە ئەنجامی كاركردن لە زەویدا، جا چ بە شێوەی كشـتوكاڵ، وە چ بـە شـێوە دەرهێنـانی كانزایەكـان، یـاخود دۆزینـەوەی خەزنـەی ژێـرزەوی، لـە هـەموو ئـەو شـتانە لـە پێنـاوی خـوادا ببەخشـن، ئیـدی ئەوە هەم فەڕزیش دەگرێتـەوەو هـەم سـوننەتیش، فـەڕز وەك زەكـات، وە جاری وا هەیە غەیری زەكاتیش فەڕزە، وە سوننەتیش ئەوەیـە كـە ئینسـان خۆبەخشـانە دەیبەخشێ، بەبێ ئەوەی كە شەریعەت لەسـەری پێویست كردبێ.

<u>مەســـەلەی دووەم</u>: كـــە دەفـــەرموێ: ﴿ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ﴾، لـەو مـاڵو سـامانە چـاكو باشـانەی كـە وەدەســـتتان هێنـــاون، وە لـــەوەی كـــە لـــە زەوی بۆمـــان دەرهێنـــاون،

(طَیِّبات) كۆی (طَیِّبةَ)یە (طَیِّبةَ)ش لە: (طَابَ یَطیبُ طَیِّباً فَهُوَ طَیِّبٌ) لەوەوە هاتوە، واتە: هەر ماڵێك كە چاكو نایابە ئەوەی كە ئینسان بە قیمەتو بەباشی دەزانێ، كە وەك گوتمان: لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئینسان كە شتێك دەبەخشێ، دەبێ شتی باشبێو بۆخۆی پێی چاك بێ، ئەگەر خۆی پێی بدرێ، پێی خۆشبێ، لەو جۆرەی پێبدرێ لەوە ببەخشێ، هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: لێرەدا مەبەست لە (طَیِّبَات) ماڵی حەلاڵە، بەلام من وای بۆ دەچم كە ناگونجێ وشەی (طَیِّبَات) نە لێرەو نە لە هیچ شوێنێكی دیكەی قورئاندا مەبەست پێی حەلاڵ بێ، بۆچی؟ چونكە خوا ﷻ لە سوورەتی (الأعراف)دا، وە لەجێی دیكەشدا باسی ئەوەی كردوە كە (طَیِّبَات)ی حەلاڵ كردوە، بۆ وێنە: ﴿ ...وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ ... ﴿١٥٧﴾ ﴾ الأعراف، جا ئەگەر بەمانای حەلاڵ بێت دەبێ بلێ (یُحِلُّ لَهُمُ الحَلال) ڕزقی حەلاڵیان بۆ حەلاڵ دەكات! كە دیارە ڕزقی حەلاڵ هەر بۆ خۆی حەلاڵەو پێویستی بە حەلاڵ كردن ناكات، كەواتە: مەبەست لە (طَیِّبَات) وەك گوتمان هەر شتێكە كە ئینسان پێی باشبێو لەززەتی لێبكات، لە خواردنو خواردنەوەو بەرگو پۆشاكو دەنگو ئاوازو دیمەنو ڕەنگ و... هتد، واتە: وشەی (طَیِّبَات) هەر شتێكی سوودبەخشو باشو پەسندە، بەپێی فیطرەتو سروشتی ساغی مرۆڤ.

مەسەلەی <u>سێیەم</u>: كە دەفەرموێ: ﴿ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ ﴾ لەو ماڵو سامانە باشو چاكەی كە وەدەستتان هێناوە، كە وەدەست

دەهێنرێ لەڕێی بازرگانییەوە، لەڕێی کڕینو فرۆشتنەوە، بە هۆی میراتەوە، لە ڕێی بەکرێدان (إيجار)ەوە، هەروەها ماڵو سامانی منداڵیش بۆ بابو دایکی ئەویش هەر دەچێتە ژێر حوکمی ئەوەی کە ئینسان وەدەستی دێنێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {(إنَّ أولادَكُم مِن طَيِّبِ أكسابِكُم فكُلُوا مِنْ أموالِ أولادكُم هَنِيئًا) (رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٥٢٨)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٤٦٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٣٥٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٢٩٠)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٢٥٩)، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (٢٤١٤)}، واتە: منداڵەکانتان لە وەدەست هێنراوی پاكو چاکی ئێوەن، بۆیە لە ماڵو سامانی منداڵەکانتان بە موڕتاحیی بخۆنو {دیارە ئەوە لە حاڵێکدا کە بابو دایك ئاتاج بنو پێویستییان بە ماڵ سامانی منداڵو ڕۆڵەیان هەبێ، بۆیان هەیە لێی بەکاربێنن}.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ﴾، وە لەوەی کە لە زەوی بۆمان دەرهێناون، وەك گوتم چ لە ڕێی کشتوکاڵەوە بێ، چ لە ڕێگای کانزاو مەعدەنەکانەوە بێ، یان دۆزینەوەی خەزنەی ژێر زەوی بێ، یان هەر شێوە لێ بەهرەمەندبوونێکی دیکەی زەوی بێت، کە ببێتە مایەی هاتنە دەستی موڵكو سامانو ئیمکانیەتی ماددیی.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ﴾، ﴿وَلَا تَيَمَّمُواْ﴾، واتە (ولا تَقصُدُوا) واتە: مەخەفتێن لە شتی خراپ کە

خێرو چاکە دەکەن، جا چ پێویست بێ وەکو زەکات، یان سوننەت بێ، بۆ وێنە: کەسێك خۆبەخشانە خێرێك دەکات، نابێ بۆ کام ماڵەی خراپەو بەکەڵك نەهاتوویە، بۆ ئەوە بخەفتێ، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەشدا باسمان کرد، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلْخَبِيثَ ﴾، واتە: بۆ هی خراپ مەگەڕێن، توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: ئەگەر کەسێك مەبەستی نەبووبێو، بە ئانقەست لە هی خراپ نەخەفتابێ، گوناهبار نیە، بۆوێنە: یەکێك خێرێك دەکات مەبەستی ئەوە نەبووە کە بۆ شتی خراپ بگەڕێ، بەڵکو ماڵو سامانێکی هەیە هەندێکی لێ جیادەکاتەوە، بێ ئەوەی بۆ خراپەکەی خەفتابێ، ئەگەر لە خودی خۆیدا باشیش نەبێ، گوناهبار نابێ، مادام مەبەستی نەبووبێ، واتە: کاتێك مرۆڤ گوناهبار دەبێ کە کەمتەرخەمیی کردبێ لە ماڵ بەخشینداو، بە مەبەست بگەڕێ بۆ ئەوەی بەکەڵك نایەتو بە دڵی نیەو بە ناپەسندی دەزانێ، بەڵام ئەگەر ماڵەکەی چەند جۆرێکی تێکەڵ بێو وا هاتبێتە بەردەست بەبێ مەبەست، لەو حاڵەتەدا گوناهبار نابێ.

<u>مەسەلەی شەشەم</u>: کە دەفەرموێ: ﴿ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ ﴾، واتە لە شتێك مەبەخشن، کە خۆتان ئامادەنین وەریبگرن، مەگەر بەچاو لێنووقاندنو بە خاتر گرتنەوەبێ.

توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: لێرەدا دەبێ بابای بەخشەر بیکاتە پێوەرو تەرازوو، هەرچی بۆخۆی پێی خۆش نیە لەو جۆرە پێی بدرێ، با لەو جۆرە بە خەڵکیش نەدات، چونکە پێغەمبەر ﷺ

فەرموویەتی: {(لاَ يُؤْمِنُ أحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفسِهِ) (رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٣) عَنْ حسين المعلم ﷺ}، واتە: یەکێك لە ئێوە بە بڕوادار دانانرێ، تاکو چی بۆخۆی پێ خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش نەبێ، هەروەها بە پێچەوانەوەش چی بۆخۆی پێ ناخۆشە دەبێ بۆ ئەویش پێی ناخۆشبێ، پێت ناخۆشە شتێکی خراپت بدەنێ، بە هەمان شێوە شتی خراپیش مەدە بە خەڵك.

ئنجا دیارە دوێنراوەکان (مخاطبین)ی ئەو کاتەی کۆڕەکەی پێغەمبەر پیاو بوونە، بۆیە فەرموویەتی: (لأخيه)، نەگەرنا پیاوو ئافرەت هەردووکیان مەبەستن.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗا ﴾، واتە: شەیتان بەڵێنی هەژارییتان پێ دەدا، وە فەرمانتان پێ دەکات بە چرووکیو ڕژدیی، بەڵام خوا بەڵێنی لێبوردنتان پێ دەداو، وە بەڵێنی بەخششو چاکەی خۆیتان پێ دەدا، لێرەدا یەکێك بۆی هەیە بڵێ: کوا شەیتان نەمانبینیوە کەس لە هەژاریی بترسێنێ، وە نەمانبینیوە بە کەسێ بڵێ: چرووك ڕژدو دەست نووقاوبە ؟! وەلامەکەی ئەوەیە کە شەیتان لەڕێی خوتخوتەو وەسوەسەوە ئەو هەڕەشەیە لە خەڵك دەکاتو، ئەو بەڵێنە خراپەیان پێدەدات، وە ئەو فەرمانە خراپەیان پێدەکات، کەواتە: بەڵێ کەس شەیتانی نەبینیوە بە شێوەیەکی بەرجەستە، بەڵام مەبەست ئەوەیە ئەو خوتخوتەو

خەیاڵە خراپەی دەکەوێتە دڵی کەسانی دەوڵەمەندو ساماندارەوە، کە نەبەخشن و ئەگەر ببەخشن هەژار دەبن، بۆیە پێویستە ڕژدیی و چرووکیی بکەن، ئا ئەوە لە شەیتانەوەیە، هەروەك پێچەوانەکەیشی کە کەسێك نیەتی باشی دێتە دڵ، کە ببەخشێ و چاکە بکات، دیارە ئەوەش لە فریشتەکانەوەو لە خوای پەروەردگارەوەیە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ﴾، وە خوا بەڵێنی لێبوردنتان پێدەدا، وە بەڵێنی بەخشش و چاکەی خۆیتان پێدەدات، کەواتە: ئەوەی کە بەرچاو تێرەو دڵ دەوڵەمەندەو دەستکراوەیە، ئەوە واپێدەچێ ئەو حاڵەتە فیکریی و ڕووحییە بەتایبەتی ئەگەر لە ئەهلی ئیمان بێ، لە فریشتەکانەوە بێ، بەڵکو دەگونجێ ئەگەر بێبڕواش بێ هەروابێ، چونکە فریشتەکان لە دنیادا سەرچاوەی هەموو خێروچاکەیەکن و، هەر سیفەتێکی چاکبێ دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی فریشتەکان، وە شەیتانەکان سەرچاوەی خراپەن و هەر سیفەتێکی خراپ بێ، دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی شەیتانەکان، پێغەمبەریش ﷺ لە فەرمودەیەکدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە فەرموویەتی: {(إنَّ لِلشَّيْطَانِ لَمَّةً بِابنِ آدَمَ وَلِلمَلَكِ لَمَّةً، فَأَمَّا لَمَّةُ الشَّيْطَانِ فَإِيعادٌ بالشَّرِّ وتَكذِيبٌ بالحَقِّ، وَأَمَّا لَمَّةُ المَلَكِ فَإِيعادٌ بِالخَيْرِ وتَصْدِيقٌ بالحَقِّ، فَمَنْ وَجَدَ ذَلِكَ فَلْيَعْلَمْ أنَّهُ مِنَ اللهِ فَلْيَحْمَدِ اللهَ وَمَن وَجَدَ الأُخرَى فَلْيَتَعَوَّذْ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجيم، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ﴾) (رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ بِرقم: (٢٩٨٨)،

ضَعَّــفَهُ الألبــاني فــي (ضــعيف الجــامع) بــرقم: (١٩٦٣)، وفــي (المشــكاة) بــرقم: (٧٤)، ثُــمَّ صَـحَّحَهُ فــي هــداية الــرواة (٧٠)، (النصـيحة: ٣٤)، صـحيح مـوارد الظمـآن (٣٨)}، واتــه: ئینســان هانــدەرێکی شــەیتانیی هەیــە لــە دەروونیــدا، وە هانــدەرێکی فریشتەییشی هەیە {هەم شەیتان هانی دەداو هەم فریشتەش هانی دەدا} هاندانی شەیتان بریتیە لەوەی کە هەڕەشەی لێدەکا بە خراپە کە بڕوا بە هەق نەهێنیو بە درۆی بزانی {بۆ وێنە: مەبەخشە ئەگەرنا هەژار دەبی، جیهاد مەکە ئەگەرنا تووشی بەڵا دەبی، کۆچ مەکە ئەگەرنا ماڵوێران دەبی، چاکە مەکە دوایی پەشێمان دەبیەوە ... هتد}، بەڵام هاندانی فریشتە بریتیە لەوەی کە بەڵێنی پێ دەدا بە چاکە، وە هانیشی دەدا کە بڕوا بە هەق بێنی، جا هەرکەسێك ئەوەی بینی لەدڵیداو هەستی پێکرد، ئەوە بابزانی لە خواوەیەو لەڕێی فریشتەکانەوەیە، (خوای پەروەردگار ئیلهامی چاکەی خۆی دەنێری لەڕێی فریشتەکانەوە} وە با ستایشی خوای لەسەر بکات، وە هەرکەسێك هەستی بە هاندەری دووەم کرد {کە بریتیە لەوەی شەیتان هانی بدات بۆ چرووکییو بۆ بڕوا نەهێنان بە هەق} ئەوە با پەنا بە خوا بگری لە شەیتان، {واتە: بڵێ: (أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ) دوایی پێغەمبەر ﷺ ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ ... ﴾} {شەیتان هەڕەشەی هەژارییتان لێدەکات}.

مەسەلەی هەشتەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾، وەك پێشتریش باسمان کردوە، خوا ﷻ دوای هەر کام لەو ئەمرو نەهییانەی کە ئاراستەی مسوڵمانانیان دەکات، ئایەتەکە بە هەندێك لە سیفەتەکانی خۆی تەواو دەکات، کە بگونجێ لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەو فەرمانە یاخود ئەو نەهییەدا، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾، وە خوا فراوانی زانایە، واتە: سیفەتەکانی خوا فراوانن بەبێ سنوور، ڕەحمەتو بەخشینی خوا فراوانەو دەتوانێ بەبێ سنوور ببەخشێ، وە زاناشە دەزانێ بە کێ ببەخشێ.

مەسەلەی نۆیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ﴾، حیکمەت بە هەرکەسێك دەدات کە بیەوێ، وە هەرکەسێك حیکمەتی پێ بدرێ خێرو چاکییەکی زۆری پێدراوە، لێرەدا باسکردنی حیکمەت لەمیانەی باسی بەخشیندا، ئەوە دەگەیەنێ کە بابای بەخشەرو خێرومەند کە ماڵی خۆی خەرج دەکات لە پێناوی خوادا، دەبێ لێزانو کارزان بێو، زۆر بە سەلیقە بێو، بزانێ چۆن ماڵەکەی دەبەخشێو ؟ بە کێی دەبەخشێو ؟ بە چ شێوەیەك خەرجی دەکات؟ چونکە مەسەلە هەر خەرجکردن نیە، بەڵکو بە کێی دەدەی ؟ چەند دەبەخشی ؟ لە چ وەختێکداو بە چ شێوەیەك ؟ هەموو ئەمانەش بەڕاستی زۆر گرنگن، پێشتریش باسی وشەی حیکمەتمان کردو گوتمان: ئەوانەی کە گوتوویانە: مەبەست لە حیکمەت سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ،

نەیانپێکاوەو حیکمەت واتە: دانایی‌و وەستایی، یان خۆ ڕازاندنەوە بە بەها بەرزەکان، یاخود ئەوە کە ئینسان قسەو کردەوەی بەجێ بێ (الإصابةُ في القَوْلِ والعَمَل)، وە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریش ﷺ بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە وشەی (حِكمة) واتە: لێزانیی‌و وەستایی: {(لاَ حَسَدَ إلاّ في اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالاً، فَسَلَّطَهُ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الحَقِّ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللهُ الحِكْمَةَ، فَهُوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا) (رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٧٣)، وَمسلم برقم: (١٨٩٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٢٠٨)، عَنْ عَبدِاللهِ بنَ مَسْعُودٍ رضي الله عنه}، واتە: حەسوودیی تەنها لە دوو حاڵەتاندا، یان بۆ دوو خەسڵەتان دروستە {کە لێرەدا مەبەست لە حەسوودیی ئەوە نیە، کە تۆ خۆزگە بخوازی ئەو چاکەو نیعمەتە لەو کەسە لابچێت، بەڵکو لێرەدا یانی: ئەوە کە تۆش حەز بکەی وەك ئەوت هەبێت، کە بە عەرەبی (غِبطة)ی پێ دەڵێن، بەڵام حەسەد ئەوەیە کە تۆ حەز بکەی ئەو نیعمەتە لەو کەسە لابچێ‌و بۆ تۆ بێ، یاخود هەر لەو لابچێ، ئەگەر بۆ تۆش نەیەت، کەواتە: مەبەست لەو فەرموودەیە بە کورتی، یانی: خۆزگە بە نیعمەتی خەڵك خواستن لە دوو شتاندا زۆر جێی خۆیەتی}:

یەکێکیان: پیاوێك کە خوا ماڵو سامانێکی زۆری داوەتێ، وە یارمەتیشی داوە کە لە هەقدا خەرجی بکات.

دووەم: پیاوێك کە خوا ﷻ حیکمەتی پێداوەو بەو حیکمەتەش ڕەفتار دەکات‌و وە فێری خەڵکیشی دەکات، کەواتە حیکمەت لێرەدا ناگونجێ مەبەست پێی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێ، بەڵکو

حیکمەت واتە زانیاری بەسوودو کردەوەی بەسوود، یاخود ئەدەبو ڕەوشتو هەڵسوکەوتی بەرزو جوان، کە ئەوە دەگونجێ بە غەیری پێغەمبەرانیش (علیهم الصلاة والسلام) بدرێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ ... ﴿١٢﴾ ﴾لقمان، واتە: بێگومان حیکمەتمان بە لوقمان دابوو، لوقمانیش لای زۆربەی هەرە زۆری زانایان پیاوێکی حەکیمو لێزان بووە، بەڵام پێغەمبەر نەبووەو وەحی بۆ نەهاتوە، جا زانایان بە چەند شێوەیەك پێناسەی (حِكْمَة)تیان کردوە، وەك پێشتریش باسمان کرد، یەکێکیان دەڵێ: (الحِكْمَةُ: الإصابَةُ في القَولِ والعَمَلْ) واتە: حیکمەت ئەوەیە ئینسان قسەی بەجێو کرداری بەجێبێ، هەندێکی دیکە گوتوویانە: (الحِكْمَةُ: مَعرِفَةُ الحَقِ والعَمَلِ بِهِ) حیکمەت بریتیە لەوەی هەق بناسی وە کاری پێ بکەی، هەندێکی دیکە گوتوویانە: (الحِكْمَةُ: مَعرِفَةُ الـمَوجوداتِ وفعل الخَيرات) حیکمەت ئەوەیە کە بوونەوەرەکان بناسی، وە کردەوە چاکەکان ئەنجام بدەی، هەندێکی دیکە گوتوویانە: (الحِكْمَةُ: إدراكُ أسرار الشَرِيعة) حیکمەت بریتیە لە پەیبردن بە نهێنیەکانی شەریعەت.

بەڵام وەك لە ڕابردووشدا گوتمان من پێم وایە ئەگەر بڵێین: حیکمەت بریتیە لە خۆ ڕازاندنەوە بە خەسڵەتو ئاکارە بەرزو پەسندەکان، وە دووریی لە خووخدە نزمو پەستەکان، ئەوە پێناسەیەکی گشتگیرترە، چونکە هەم قسەی چاكو هەم کردەوەی چاكو هەم ڕەوشتی بەرزو جوانو هەم هەڵسوکەوتی

بـەجێ، هـەمووی دەگرێتـەوە، پێشتـــر بەلگـەی هەڵبـژاردنی ئـەم پێناسەیەمان باسکردو لێـرە دووبارەی ناکەینەوە.

مەسـەلەی دەیـەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾

﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ ﴾ ئەسڵەکـەی (وَمَـا يَتَذكَّـرُ) واتـە: بیـرناکـاتەوە، یاخود پەند وەرناگرێ جگە لە خاوەن عەقڵان، (أَلْـباب) کۆی (لُـبّ)ە، (لُبّ) واتە: کاکڵ، بەڵام بۆچی خـوا ﷻ عەقـڵی بـە (لُـبّ) نـاوبردوە ؟ چونکە وەك پێشتـریش گوتمـان، وەك چۆن هـەر شـتێك ئامـانج لێـی کاکڵـەکەیەتی، حەقیقـەتو کاکـــڵی ئینســـانیش عەقـــڵەکەیەتیو، ئینسان عەقڵەکەی لێ دەربێنـە، دەمێنێـتەوە قاوغو توێکـڵێکی بـۆش، وە ئەم تەعبیـرە ئـەوەش دەگەیـەنێ کـە بەڕاستی خـوای پەروەردگـار زۆر حیسـاب بـۆ عەقـڵو بیـرو هـۆشو تێگەیشـتنی ئینسان دەکـات، چونکـە لێـرە دەفەرموێ: تـەنیا خـاوەن عەقـڵان پەنـد وەردەگـرن، وە لە چەندان شـوێنی دیکـەی قورئانـدا خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ئایەتـەکانم ناردوە بۆ خاوەن عـەقڵان، خـاوەن عەقڵەکان لـە نیشانەکانی خـوا، لـە ئاسمـــانو زەوی تێدەگـــەنو، نهێنییـــەکانی خـــوای بـــێ هاوتـــا دەرك پێدەکـەن، کەواتــە: ئیســـلام گرنگییـەکـــی زۆر بـــە عەقـــڵ دەدات، هەڵبەتە عەقڵێکی سەلیمو بـەجێ، عەقڵـێك کـە دووربـێ لـەوەی کـە بکەوێتـە ژێر کاریگەریی ئارەزووەکانو شـوبهەکانەوە.

مەسـەلەی یـازدەیەم: خــوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ ﴾، هـەر ماڵـێك خـەرج بکـەن،

یاخود هەر نەزرێك بکەن، خوا دەیزانیێ وشەی: (نَفَقَة)، ئەوە دیارە هەمووی دەگرێتەوە، چ ماڵی نەختینە، چ بەرگو پۆشاك، چ ئاژەڵ، چ دانەوێڵە، ... هتد، (نَذْر)یش شتێکە کە ئینسان لەسەر خۆی پێویستی دەکات، بەڵام خوا لەسەری پێویست نەکردوە، زانایان ئاوا پێناسەی (نَذْر)یان کردوە: (النَذْرُ: هُوَ مَا أَوجَبَهُ المُكَلَّفُ عَلَى نَفسِهِ مِنَ العِبَادَاتِ مِمَّا لَو لَمْ يُوجِبْهُ لَمْ يَلْزَمْهُ) واتە: نەزر بریتیە لەوەی کە بەندە لەسەر خۆی پێویستی دەکات لە خواپەرستییەکان، کە ئەگەر خۆی لەسەر خۆی پێویستی نەکردبایە، لەسەری فەرز نەبوو ئەنجامی بدا.

جا ئایا نەزر باشە ئینسان بیکات، یان باش نیە؟ زانایان مشتومڕیان لەوەدا هەیە، بەڵام وا پێناچیێ خراپ بێ، جا ئەوانەی کە بە باشی دەزانن گوتوویانە: نەزر شتێکی باشە، چونکە خوا ﷻ مەدحی ئەوانەی کردوە، کە وەفا بە نەزر دەکەن، وەك لە سووڕەتی (الإنسان)دا دەفەرموێ: ﴿ يُوفُونَ بِالنَّذْرِ ... ﴿٧﴾ ﴾، واتە: وەفا بە نەزر دەکەن، شتێکیان کە لە خۆیان گرت وەفای پێدەکەنو جێبەجێی دەکەن، وە لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ ﴾، جا ئەگەر نەزرو شت لەخۆگرتن شتێکی خراپ بووایە، خوای پەروەردگار ئاماژەیەکی پێدەدا، کە واباشە نەکرێ، نەك ستایشی ئەنجامدەرانی بکات.

مەسەلەی دوازدەیەم: كە دەفەرموێ: ﴿وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾، وە ستەمكاران هیچ پشتیوانێكیان نیە، دەگونجێ مەبەست پێی كەسانی ڕیابازو منەتكاربێ، كە ماڵ دەبەخشن بە ڕیابازیی، یاخود منەت دەكەن لەسەر ئەو كەسەی كە هاوكارییان كردوە، یان دوای ئەوەی ماڵەكەیان پێ بەخشیوە، ئازاری دەدەن، پاشملە باسی دەكەنو پێی دەگاتەوەو پێی ناخۆشە، وە دەشگونجێ مەبەست ئەو كەسانەبێ كە ڕژدو چرووكن، ماڵو سامانەكانیان لە دەست نایەتەدەرو، لەپێناوی خوادا لە شوێنێكدا كە شەرع دیاری كردوە، نایبەخشن، وە دەشگونجێ مەبەست پێی هەردووكیان بێ، چونكە هەردووكیان ستەمكارن، هەم ئەوەی كە ماڵی خۆی دەبەخشێ بە شێوەیەكی ناشەرعییانەو، هەم ئەوەش كە نایبەخشێو چرووكیی‌و ڕژدیی دەكات، ئەویش بەتەئكید ستەمكارە، هەڵبەتە هیچ ڕێگر (مانع)ێكیش نیە كە هەردووكیان پێكەوە مەبەست بن، لێرەشدا دەڵێم: هەزاران ڕەحمەت لە پێشەوای توێژەرەوانی قورئان (أبو جعفر الطبري) كە هەمیشە هەوڵدەدات چەمكو واتای ئایەتەكان فراوانو گشتگیر بخاتەڕوو .

مەسەلەی سێزدەیەم: دەربارەی ئەوە كە ئایا وا باشە ئینسان ماڵ كە دەبەخشێ، بە ئاشكرا بیبەخشێ، یان بە پەنهانیی ؟ زانایان لەوبارەوە زۆریان قسە كردوە، ئایەتەكەش دەفەرموێ: ﴿إِن تُبْدُوا۟ ٱلصَّدَقَـٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ

لَكُمْ ﴾، ئەگەر ئەو ماڵو سامانەتان کە دەیبەخشن ئاشکرای بکەن، باشترین شتە، وە ئەگەر پەنهانیی بکەنو بیدەن بە هەژاران، ئەوە بۆ ئێوە چاکترە، جا زانایان لەوبارەوە دوو ڕای سەرەکییان هەن:

١- هەندێکیان دەڵێن: وا باشە ماڵو سامان بە پەنهانیی ببەخشرێ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ﴾، واتە: ئەوە باشترە بۆ ئێوە، کە پەنهانی بکەنو بیدەن بە هەژاران.

٢- وە هەندێکیان دەڵێن: نەخێر واباشە بەخشین ئاشکرا بکرێ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِن تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ ﴾، واتە: ئەگەر صەدەقەو خێرو چاکەکانتان ئاشکرا بکەن، ئەوە باشترین شتە، بەڵام لەڕاستیدا بەپێی ڕواڵەتی ئایەتەکە هەردووکیان باشن، چونکە جارێکیان دەفەرموێ: باشترین شتەو جارێکی دیکەش دەفەرموێ: ئەوە بۆ ئێوە باشترە، مەسەلەکەش ئەوەیە کە جاری واهەیە واباشە بە ئاشکرا ماڵ ببەخشرێو، جاری واش هەیە وا باشە بە پەنهانیی بێ، بۆیە ئایەتەکەی کۆتایی دەفەرموێ:

﴿ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾

ئەوانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن، بە شەوو بە ڕۆژ، بە ئاشکراو بە

پەنهان، بۆچی ؟ چونکە ماڵ بەخشینو هاوکارییکردنی خەڵك، جاری وا هەیە پێویستە یان واباشە بە ئاشکرابێ، بە تایبەتی ئەگەر واجب بێ، کابرا زەکات دەدا، واباشە بە ئاشکرابێ، بۆ ئەوەی خەڵك گومانی خراپی پێنەبات، وە جاری وا هەیە دەبێتە سەرمەشق بۆ خەڵکی دیکەو، خەڵکی دیکە چاوی لێدەکات، وەك لە فەرموودەی (صَحیح)دا هاتوە، جارێك کابرایەك هات داوای هاوکاریی کرد، زۆر ڕووتو ڕەجاڵ دیاربوو، پێغەمبەر ﷺ دەموچاوی موبارەکی تاریك داهاتو گرژبوو، پێی ناخۆش بوو ئەو ئینسانەی وا بە هەژارییو ڕووتو ڕەجاڵیی بینی، دوایی یەکێ لە مسوڵمانان هاوکارییەکی کرد، خەڵکەکەش کە لەوێ بوون ئەوانیش بەدوای ویدا هاوکاریی دیکەیان کرد، ئنجا پێغەمبەر ﷺ ڕووی موبارەکی وەك مانگێگ درەوشایەوە، وە لەو حاڵەتەدا فەرمووی: {(مَنْ سَنَّ فِي الإسلامِ سُنَّةً حَسَنَةً، فَلَهُ أَجْرُهَا، وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِها بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أن يُنْقَصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيءٌ) (رَوَاهُ مسلم برقم: (٢٣٤٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٠٣)}، واتە: هەرکەسێك چاکەیەك دابێنێ، ئەوە پاداشتی خۆی هەیە، وە پاداشتی هەموو ئەوانەی هەیە کە کار بەو چاکەیە دەکەن {کە ئەو دایهێناوەو ئەو دەستپێشخەریی بۆ کردوە} بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەمبێتەوە، {بەقەدەر هەمووان پاداشتی هەیە}.

شایانی باسیشە هەندێك لە زانایان بە هەڵە ئەم فەرمایشتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر بیدعەی چاك (البدعة الحسنَة)و گوتوویانە: لێرەدا پێغەمبەر ﷺ مەبەستی ئەوەیە هەرکەسێك بیدعەیەکی

باش دابێنێ‌و، هەرکەسێك دوایی ئیش بەو بیدعە چاکە بکات، ئەوە پاداشتی هەموویانی هەیە !! بەڵام لەڕاستیدا وانیە، چونکە وەك چۆن ئایەت هۆی هاتنە خوار (سَبَب النزول)ی هەیە، فەرموودەکانی پێغەمبەریش هۆی گوتران (سَبَب الورود)یان هەیە، جا پێغەمبەر ﷺ لەو مەقامەدا کە فەرموویەتی: {هەرکەسێك چاکەیەك دابێنێ}، مەبەستی بیدعە نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە دەستپێشخەری بکات بۆ چاکەیەك، چونکە بێگومان هاوکارییکردنەکەی ئەو مسوڵمانە بۆ پیاوە هەژارەکە، بیدعەت نەبووە دایهێناوە، بەڵکو تەنیا هاوکاریی کردوە، کەواتە: مەبەست لە ڕێبازێکی باش (سُنَّةً حَسَنَةً) خودی هاوکارییکردنەکە بووە، جا جاری وایە، واباشە هاوکارییکردن ئاشکرابێ، بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکە تەماشای بکات، چ لەبەرئەوەبێ کە ماڵ بەخشینەکە واجبە، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکەبێ، کە ماڵ بەخشینەکە ئەگەر بە ئاشکرابێ، باشتر ئامانجی خۆی بپێکێ، وە جاری وایە وا باشە کە بە پەنهانیی بێ‌و، دەبێ بابای بەخشەر حەکیم‌و لێزان‌و بە سەلیقە بێ‌و، کاتی گونجاوو شێوەی گونجاو بۆ ماڵ بەخشینەکەی بدۆزێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد ئاشکرای بکات‌و، ئەگەر پێویستی نەکرد پەنهانیی بکات، وە ئەگەر واباش بوو با بە شەوبێ‌و، واباش نەبوو، با بە ڕۆژبێ، پێغەمبەریش ﷺ لەوبارەوە فەرموویەتی: {(أَفْضَل صَلاَةِ الـمَرْءِ فِي بَيتِهِ إلاَّ الـمَكْتُوبَةَ) (رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٧٣١)، وَمسلم برقم: (١٨٢٢)، عَن زَيدِ بنِ ثَابتٍ رضي الله عنه}، واتە: باشترین نوێژی ئینسان ئەوەیە کە لە ماڵەوە بیکات جگە لە

فەرزەکـان، بۆچـی لـە ماڵـەوە بـێ ؟ لەبەرئـەوەی خـەڵك هەسـتی پـێ ناکات، کەواتە: وەك چۆن نوێژ جگە لە فـەرز ئـەوی دیکـە واباشـە لـە ماڵێ بـێ، بـەڵام فەرزەکـە دەبێ بە ئاشـکرابێ، دەگونجـێ بڵێیـن: مـاڵ بەخشـینیش جگـە لە زەکات کـە واجبـەو دەبـێ بـە ئاشـکرابێ، ئـەوی دیکە ئەگەر بە پەنهانیی بێ ڕەنگـە باشتـربێ، بـەڵام وەك گـوتم: مـاڵ بەخشینی سونەتیش دیسان حاڵەتی جۆراو جۆری هەیـە، هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: {(إِنَّ الَّـذِي يَجْـهَرُ بِالْقُـرْآنِ كَالَّـذِي يَجْـهَرُ بِالصَّـدَقَةِ وَالَّـذِي يُسِـرُّ بِالْقُـرْآنِ كَالَّـذِي يُسِـرُّ بِالصَّـدَقَةِ) (رَوَاهُ النَّسَـائِي بـرقم: (١٦٦٣)، عَـنْ عُـقْبَةَ بْـنَ عَـامِرٍ رضي الله عنه، وَصحَّحـهُ الألبـاني} ، واتـە: ئەو کەسەی کە قورئـان بە دەنگی بـەرز دەخوێنـێ، وەك ئەوەیە کە خێـرو چاکە بە ئاشـکرا دەکـات، وە ئەوەی کە قورئـان بە دەنگی نـزم دەخوێنـێ، وەك ئەوە وایە کە خێرو چاکە بە پـەنهانیی دەکـات، کـە دیـارە جـاری وا هەیـە وا باشـە بـە دەنگـی بـەرز قورئـان بخوێندرێو، جاری واش هەیە وا باشە بە دەنگی نزم، بۆ وێنە: ئەگـەر نوێژکەر لەگەڵ ئیمامدا نوێژی کرد، دەبێ قورئانەکەی بە دەنگی نـزم بخوێنێ، وە جاری وا هەیە ئەگەر بەتەنیاش نوێـژی کـرد لـە ماڵێ لـە نوێژە (جَهْرِي)یەکاندا، سـوننەتە کـە دەنـگ بـەرز بکـاتەوە، جـا وەك چـۆن نوێـژکردن جـاری وایـە دەبـێ بـە دەنگـی نــزم قورئانەکــە بخوێنـدرێو، جـاری وایـە بـە دەنگـی بـەرز، بـە هـەمان شـێوە مـاڵ بەخشـینیش جاری وایـە بە ئاشکراو، جاری واش هـەیە بـە پەنهـان، هــەروەها پێغەمبــەر ﷺ فەرموویــەتی: {(صَـدَقَةُ السِـرِّ تُطـفِـيءُ غَضَـبُ الـرَّبِ) (رَوَاهُ الطَبَـراني عَـن بهـز بـن حكـيم عـن أبيـه عـن جـدِّهِ

رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (١٨٧١)}،
واتە: ماڵ بەخشینی پەنهان تووڕەیی پەروەردگار دەکوژێنێتەوەو
لایدەبا، (واتە: خوا زۆری پێ خۆشە).

مەسەلەی چواردەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ﴾، لە دوای نەزرو ماڵ بەخشینی بە پەنهانو بە ئاشکرا دەفەرموێ: لە گوناهەکانتان لێتان دەسڕێتەوە، ئەوەی لێوەردەگیرێ کە ئینسان، چ بە ئاشکرا، چ بە پەنهان ماڵی خۆی ببەخشێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوناحو تاوانەکانی لێ بسڕێتەوە، هەندێکیشیان گوتوویانە: ئەوە تایبەتە بە ماڵ بەخشینی پەنهانەوەو، هەندێکیشیان گوتوویانە: تایبەتە بە ماڵ بەخشینی ئاشکراوە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ هەردووکیان دەچێتەوە.

مەسەلەی پازدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ ﴾، لە دوای باسی ماڵ بەخشین دەفەرموێ: هیدایەتدانی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نیە، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە ئینسانی مسوڵمان کە ماڵی خۆی دەبەخشێ، نابێ بیبەستێتەوە بەوەوە کە حەتمەن دەبێ ئەو ئینسانە بەپێی دڵی ئەو بێت، بەڵکو جاری وایە ئەگەر ماڵ بەخشینەکە سوننەت بێ، با ئەو کەسە مسوڵمانیش نەبێ، هەر دروستە پێی ببەخشی، مادام ئاتاجو لێقەوماوە، بە بەڵگەی ئەوە، کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ

لَمْ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ... ﴿٨﴾ الممتحنة، واتە: خوا لێتان قەدەغە ناکات سەبارەت بەو کافرانەی کە خوا لە ماڵو حاڵتان وەدەریان نەناون، وە لەسەر دینتان شەڕتان لەگەڵدا ناکەن، کە لەگەڵیاندا چاکەکار بن، وە لەگەڵیان بەخشندە بنو لە ماڵی خۆتانیان پێ بدەن، بەڵام زۆر لە زانایان دەڵێن زەکاتو ماڵی فەرز تەنیا بە مسوڵمانان دەشێو نابێ بدرێ بە ئینسانی بێ بڕوا، هەرچەندە هەندێکیان دەڵێن: نەخێر زەکات بە ئینسانی کافرو بێبڕواش هەر دەشێ، جا ئەوانەی کە دەڵێن: زەکات تەنیا دەبێ بدرێ بە مسوڵمانان، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ بە بەڵگە دێننەوە کە فەرموویەتی: {(أُمِرتُ أَنْ آخُذَ صَدَقَةً مِن أَغْنيائِهم وأَرُدَّها في فُقَرائِهم) (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ)، البخاري: (١٣٩٥)، و مسلم: (١٩)، وأبو داود والنسائي والترمذي وابن ماجه وأحمد}، واتە: فەرمانم پێ کراوە، کە زەکات لە دەوڵەمەندەکانی مسوڵمانان وەربگرم، وە بیدەمەوە بە هەژارەکانیان، ئەوانەش کە دەڵێن دروستە بدرێ بە خەڵکی نامسوڵمانیش، ڕواڵەتی ئایەتەکە بە بەڵگە دێننەوە، بەڵام وا پێدەچێ ئەو ڕایەی دیکە ڕاستتربێ، چونکە زەکات یەکێکە لە پێنج پایەکانی ئیسلامو دەبێ لەنێو مسوڵماناندا جێبەجێ بکرێو، تەنیا بدرێ بە مسوڵمانان، بەڵام خەڵکی نامسوڵمان دەگونجێ لە ماڵی دیکە غەیری ئەوەی کە زەکاتەو فەرزە، لەوە هاوکاریی بکرێن، بەڵام ئایا بابای گوناهبارو فاسق کە نوێژ ناکات، یان ڕۆژوو دەخوات، یان بەناوبانگە بەوەی کە گوناهێك

دەكات، ئایا زەكاتی پێدەشێ یان نا ؟ وە ماڵی دیكەی پێ دەشێ یان نا ؟ ئەوەی كە لە ئایەتەكانو فەرمایشتەكان وەردەگیرێ، ئەوەیە كە پێی دەشێ، بەڵام ئەگەر هاتو ئینسانێكی چاكەكار لەگەڵ یەكێكی خراپەكار هەبوون، هەردووكیان وەك یەك موحتاج بوون، دیارە لەو حاڵەتەدا واباشترە بدرێ بە چاكەكارەكە، هەرنەبێ بۆ ئەوەی ئەو كەسەی كە بێدینە یاخود گوناهبارە، بەخۆیدا بچێتەوە، وە بزانێ كە لە خێرو چاكەی مسوڵمانان بێبەش دەبێ، بەهۆی گوناهبارییو خراپەكارییەكەیەوە، بەڵگەش لەسەر ئەوە كە ماڵی زەكاتو خێرو چاكە بە ئینسانی گوناهباریش دەشێ، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ كە بوخاریی موسلیم[1] گێڕاویانەتەوەو ئەوە كورتەی ماناكەیەتی: كابرایەك دەیەوێت خێرو چاكە بكات، یان زەكات بدات، جارێك دەیدا بە ئافرەتێكی زیناكەر جارێكی دیكە دەیدا بە پیاوێكی دەوڵەمەند، جارێكی دیكە دەیدا بە پیاوێكی دز، جا كە دەیدا بە ئافرەتە زیناكەرەكە، خەڵك باسی دەكەنو دەڵێن: تەماشا بكەن! خێرو چاكەی خۆیدا بە ئافرەتێكی داوێن پیس ! ئەویش وا دەزانێ، كە لە قیسی چووە، دەڵێ: ستایش بۆ خوا، ئەمجارە دەیدەم بە موستەحەقی خۆی، بۆ جاری دووەم دەیدا بە دەوڵەمەندێك، دیسان خەڵك زەمی دەكەنو دەڵێ: ستایش بۆ خوا، ئەمجارە دەیدەم بە كەسێ كە پێی بشێ، جاری سێیەم دەیدا بە دزێك، دیسان خەڵكی باسی دەكەن، ئەویش دەڵێ: خوایە ستایش بۆ تۆ، خێرو چاكەكەم چووە دەستی زیناكەرێكو دەوڵەمەندێك و دزێك !! بەڵام پێی

---

١) البخاري: (١٤٥١)، و مسلم: (١٠٢٢).

دەگوترێ، {واتە لە خەوندا، یان بە ئیلهام} کە هەرسێك خێرو چاکەکەت بە باشترین شێوە لێوەرگیراون، زیناکەرەکە بەڵکو بەهۆی ئەو ماڵو سامانەوەکە پێیدراوە بێنیاز بێ لە داوێن پیسیی، دەوڵەمەندەکە بەڵکو عیبرەت وەربگرێ، لەمەودوا چیدیکە چرووکیی‌و ڕژدیی نەکاو ئامادەبێ ماڵی خۆی ببەخشێ، وە دزەکەش بەڵکو پێویستیی بە دزیی نەمێنێ‌و وازبێنێ !.

مەسەلەی شازدەیەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ﴾، هەر سامانێك ببەخشن بۆ خۆتانە، ئەوە لەڕاستیدا هەم دنیا دەگرێتەوە، هەم دواڕۆژیش، ئینسان هەم لە دنیادا لە بەخشینی خۆی بەهرەمەند دەبێ‌و پێی سەربەرزەو دڵی مورتاح دەبێ‌و، خەڵك بە چاکە باسی دەکەن، وە هەم لە دواڕۆژیشدا دێتەوە ڕێی‌و خوا پاداشتی دەداتەوە، وە ئەوە بەڕاستی هەم تاکیش دەگرێتەوەو، هەم خێزانیش‌و، هەم کۆمەڵگاش دەگرێتەوە، کۆمەڵگایەك کە خێرومەندبن لەنێو خۆیانداو هاوکاریی یەکدی بکەن، بۆ دنیاشیان باشەو بۆ دواڕۆژیشیان باشە.

مەسەلەی حەڤدەیەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ ﴾، ئێوە ماڵی خۆتان خەرج ناکەن مەگەر بۆ داواکردنی ڕووی خوا، واتە: ڕەزامەندیی خوا، یان پاداشتی خوا، یان دیداری ڕووی خوا، لێرە ئەم تەعبیرە هەواڵە، خوا هەواڵ دەدا، دەفەرموێ: ئێوە ماڵی خۆتان نابەخشن مەگەر بۆ ئەوە کە خوا

لێتان ڕازی بێو، دەتانەوێ ڕەزامەندیی خوای پێ وەدەست بێنن، واتە هەواڵە بەڵام مەبەست پێی فەرمانە، واتە: حاڵەتی ئاساییو سروشتی لای مسوڵمانان ئەوەیە، کە هەر بەو شێوەیە ماڵی خۆیان دەبەخشن، تەنیا بۆ ئەوەی خوا لێیان ڕازی بێ، هیچ ئامانجو مەبەستێکی دیکەیان نیە، چونکە هەرکەس هەر ئامانجو مەبەستێکی دیکەی هەبێ، چ بۆ ماڵ بەخشین، چ بۆ هەر عیبادەتو طاعەتێکی دیکە، دیارە دەبێتە سەپانی پووشێو[1] جگە لە پەشێمانیی شتێکی دیکەی پێ نابڕێ.

<u>**مەسەلەی هەژدەیەم:**</u> کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴾، هەر ماڵو سامانێك ببەخشنو هەر خێرێك بکەن، بە تەواویی پاداشتان دەدرێتەوەو ستەمتان لێناکرێ، کە بەشێك لە پاداشتەکەتان بفەوتێنرێ، پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە فەرموویەتی: {(إنَّ المسلم إذَا أَنْفَقَ عَلَى أَهْلِهِ نَفَقَةً، وهُوَ يَحتَسِبُها، كانَتْ لَهُ صَدَقَةً) (مَتَفَقٌ عَلَيهِ، البُخاري برقم: (٥٣٥١)، ومسلم برقم: (٢٣١٩)، عَن أبي مَسْعُودٍ البدريِّ}، واتە: مسوڵمان ئەگەر ماڵی خەرج کرد بۆ ماڵو خێزانەکەی خۆیشی، مادام مەبەستی پێ ڕازیکردنی خوا بێ، ئەوەش بۆی بەخێرو چاکە دەچێ، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ ﴾، هەر

---

1) جوتیار کە هیچی دەستگیر نەبوو، جگە لە پووشو کا، مانای وایە ڕەنج بە خەسار بووە.

نەفەقەیەك بكەنو هەر ماڵێك ببەخشن مادام مەبەستتان پێ خوا بێ، ئەگەر بۆ ماڵو منداڵی خۆشتان بێ، هەر پاداشتتان هەیە.

مەسەلەی نۆزدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، بۆ ئەو هەژارانەی لە ڕێی خوادا حەپس بوون، واتە: لەبەر سەرگەرمییان بە خزمەتی ئیسلامەوە، جا بانگەواز بێ، جەنگو جیهاد بێ، هەر خزمەتێکی دیکە بێ، وەك: بڵاوکردنەوەی زانست، فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە، گرنگ ئەوەیە سەرگەرمی کارێك بن کە نیەتی خوایان لێ هێناوە، هەموو ئەوانە باشترین کەسانێکن کە هاوکاریی بکرێن، وە مسوڵمانان لە ماڵو سامانی خۆیان بەشیان بدەن، چونکە لەبەر خزمەتکردنی ئیسلامو مسوڵمانانو سەرقاڵبوونیان بە کاری ئیسلامییەوە، دەرفەتی کارو کەسابەتو هاتنو چوونیان نیە.

مەسەلەی بیستەمو کۆتایی: کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً ﴾، وەك پێشتر باسمان کرد خوا ﷻ کاتی: شەوو ڕۆژو پەنهانو ئاشکرای داناون بۆ کەسانێك کە ماڵ دەبەخشن، واتە: جاری وایە واباشە بە شەو ببەخشێو، جاری وایە بە ڕۆژ، وە جاری وایە بە ئاشکراو، جاری وایە بە پەنهانیی، وە دیاریکردنی شەو یان ڕۆژ، پەنهان یان ئاشکرا، ئەو حیکمەتەیە کە مسوڵمان دەبێ بەکاریبهێنێ لە ماڵ بەخشینی خۆیدا.

لێرەشدا دەگەینە کۆتایی ئەم دەرسەمان، خوایە بە کەرەمو بەزەیی ڕەهاو بێسنووری خۆت، بە بەخششی خۆت لە غەیری خۆتو، بە ڕزقی حەڵاڵت لە هی حەرام بێنیازمان بکەی، ئامین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

بەرهـەمـەکانی دانـەر

١- پوختەیەك دەربارەی ئیسلام. چاپی ٢/ ٢٠٠٦.

٢- دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلامو ڕێچکان. چاپی ٣/ ٢٠٠٦

٣- یادی خوا، گرنگی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤ دا. چاپی ١ /١٩٨٧

٤- کۆمەڵی خــوا. چاپی ١ / ١٩٨٨

٥- پێشمەرگەی ئیسلام، یان مسوڵمانی موجاهید کێیەوچۆنە؟ چاپی٢ /٢٠٠١

٦- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی. چاپی ١ /١٩٨٩

٧- ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کامەیە؟! چاپی ١/ ١٩٨٩

تێبینی: دواتر خرایە نێو کتێبی (مسوڵمانی کامڵ: بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان) وە دواتر ئەمیش خرایە نێو کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە .

٨- ڕێگای صاڵح بوونو بەرەو خوا چوون. چاپی ٣ /٢٠٠٥

تێبینی: وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبیو لەژێر چاپە .

٩- کوردستان بۆ وێران بووو چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟! چاپی ١ / ١٩٨٩

١٠- حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری طاغووت. چاپی ٢ /٢٠٠٥

١١- سۆزی نەتەوایەتیو بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسـلامدا. چاپی ٣ /٢٠٠٥

١٢- مسـوڵمانی کامڵ/بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان. چاپی ١/١٩٩٧

تێبینی: ((دواتر خرایە نێو کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە)).

١٣- چارەسـەری کێشـەی کورد لە نێوان ئیمانو پەرلەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٢

١٤- بزووتنەوەی ئیسلامیی لە دووڕیانی مانو نەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٣

١٥- بزووتنەوەی ئیسلامییو ئایندەیەکی گەشو ڕوون. چاپی ١ / ١٩٩٥

١٦- پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسلامیی. چاپی ١ / ١٩٩٦

١٧- چەند ڕێڕوونییەك بۆ ئیسلامییەكانی كوردستان. چاپی ١ /١٩٩٦

١٨- ئیسلامو كێشە هەنووكەییەكان. چاپی ١ /١٩٩٥

١٩- با وریا بین! داڕووخانی ڕەوشت كۆمەڵگاكەمان بەرەو هەڵدێر دەبات. چاپی ٢ /.٢٠٠٦

٢٠- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی یەكەم/ خواپەرستی بەگشتی، پاكوخاوێنی .

٢١- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی دووەم/ نوێژ بەرپاكردن .

٢٢- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی سێیەم/ ماڵ بەخشینو زەكات.

٢٣- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی چوارەم/ ڕۆژووگرتن، حەجوعومرە، زیكری خوا.

٢٤- گەڕانەوە بۆ لای خـوا ﷻ . چاپی ٥ /٢٠١٠

٢٥- زانایانی ئیسلام كێنو چۆنن ؟! چاپی ٣ / ٢٠١١

تێبینی : بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە.

٢٦- بنچینە گرنگەكانی هەڵسوكەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەكاندا، چاپی ١ / ١٩٩٩ .

تێبینی: ئەم نامیلكەیە باسێكی بەرگی یەكەمی كتێبی: (خواپەرستی ئیسلامیی)یە، بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوەو چاپیش كراوە.

٢٧- مزگەوتەكانی كوردستان لەنێوان ئاوەدانكردنەوەو وێران كردندا. چاپی ١/٢٠٠٠

٢٨- تاقیكردنەوەی خوا بۆ بەندەكانی چییەو چۆنە؟ چاپی ٢ /٢٠١١

٢٩- بنەما شەرعییەكانو هێڵە گشتیەكانی كۆمەڵی ئیسلامیی . چاپی ٣ /٢٠١١

تێبینی: (ئەم نامیلكەیە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی).

٣٠- كۆمەڵی ئیسلامیی: ئامانجو هەڵوێستەكانی. چاپی ١ /٢٠٠١

٣١- پاساوو بەڵگە شەرعییەكانی بنیاتنانی كۆمەڵی ئیسلامیی، ئاڵقەكانی: ١و ٢ و ٣ و ٤ . چاپی ١ / ٢٠٠١

٣٢- ئافرەتی مسوڵمانی کورد مافە شەرعییەکانیو ئەرکە گرنگەکانی. چاپی ١/٢٠٠٠.

٣٣- ئافرەتو خێزان لە سایەی شەریعەت دا . چاپی ٢ / ٢٠٠٥

٣٤- چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم . چاپی ٥ / ٢٠٠٥

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

٣٥- چەند ڕێڕوونییەك بۆ خوشكو برایانمان لە هەندەران. چاپی ١ /٢٠٠٢

٣٦- سنووورە قەدەغەکان مەشکێنن! (چاوپێکەوتنی دکتۆرحسین محمد عزیز).
چاپی ٢ / ٢٠٠٣

٣٧- چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی دا بکەین؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

٣٨- شەهید کێیەو چ پلەوپایەیەکی هەیە؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢

٣٩- جیهاد لە ڕێی خواداو چەند سەرنجو ئاگادارییەك. چاپی ١/ ٢٠٠٢

٤٠- بۆنەوەی لەسەر جیهادکردنمان قەرزدار نەبینەوە! چاپی ١ / ٢٠٠٢

٤١- جیهاد لەڕێی خوادا چییەو بۆچی دەکرێو چۆن دەکرێ؟ چاپی١/ ٢٠٠٢.

٤٢- ئەشکەنجەو زیندان (چاوپێکەوتنی هاوژین عومەر) چاپی ٣/ ٢٠٠٩ .

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها دوو تەرجەمەی فارسیشی کراوەو چاپو بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕراوەو چاوەڕێی چاپە.

٤٣- کارو پرۆژەی ئیسلامیمان (وتاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی)
چاپی ٢ / ٢٠٠٦.

٤٤- ئیسلامو مسوڵمانەتیوکاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا.
چاپی ١ / ٢٠٠٦ .

٤٥- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/١، ئیمانو عەقیدەی ئیسلامی چییەو چۆنە؟! ١ تا ١٢ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٦- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٢، خوا بە یەکگرتن (التوحید) لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگاریێتی دا. ١٣ تا ٢٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٧- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٣، خوا بەیەکگرتن لە ناوو سیفەتو لە پەرستراوێتی دا، ٢٧ تا ٣٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٨- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٤، ئیمان بە فریشتەکانی خوا (عزّوجل)، کتێبەکانی خوا (عزّوجل)، پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام). ٣٧ تا ٤٠ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٩- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٥، ئیمان بە ڕۆژی دوایی قەزاو قەدەر ٤١ تا ٤٥ . چاپی ١ / ٢٠٠٨

٥٠- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/٦، تایبەتمەندییو دیدو بۆچوونەکانی پەیڕەوانی ڕێبازی ڕاست. ٤٦ تا ٥٠. چاپی ١ / ٢٠٠٨

٥١- تەوژمی ئیسلامییو عەلمانییو خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانیان. چاپی ٢٠٠٧/١، چاپی ٢/ ٢٠١١.

تێبینی: زۆربەی بە (٢٤) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (هاووڵاتی)و ئەوەی دیکەش بە (٩) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٥٢- گەنجەکانمان لە نێوان ڕەسەنایەتییو لاسایی کردنەوەدا.

٥٣- بە دوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەکەین ؟

٥٤- سیاسەتی ئیسلامییو چەند ڕوونکردنەوەیەك.

٥٥- چۆنیەتی بوونە پێشەنگو بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی.

٥٦- چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی.

٥٧- قوتابیانی زانیاری شەرعیی چەند سەرنجو ڕێنمایی یەك.

٥٨- خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتی یە.

٥٩- بانگەواز بۆ لای خوا .

٦٠- قوتابیان لەم هەلو مەرجەدا پێویستە چۆن بنو چی بکەن ؟!

٦١ -ضيف و قضية (مقابلة مع قناة العربية). کە دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپ کراوە.

٦٢- حوار خاص (مقابلة مع قناة العالم). کە دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپ کراوە.

٦٣- خواناسیی، ئایین ، ئیمان. چاپی ٢ / ٢٠٠٩ .

٦٤- واقیعی هەرێمی کوردستان ...دیدێکی ئیسلامییانە. چاپی ١/ ٢٠٠٨ .

٦٥- چەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت دا. چاپی ١ /٢٠٠٨

٦٦- چۆن باشتر لە کتێبی بەڕێزی خوا بەهرەمەند دەبین؟! چاپی ١/ ٢٠٠٨، چاپی ٢ /٢٠١٠

٦٧- سروشتو پایەکانی خێزانو مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرعو عەقڵ دا.

تێبینی: ئەم نامیلکەیە بە(١٤) ئاڵقە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٦٨- پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ، چاپی ١/٢٠١٠، چاپی ٢/ ٢٠١١. چاپی ٣/ ٢٠١٢

٦٩- چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ لەبەر ڕۆشنایی عەقڵو وەحی دا .

٧٠- کاری ئیسلامیی‌و ڕەواندنەوەی چەند تەمومژێك.

٧١- حوکمی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو هەڵسەنگاندنێك.

٧٢- مەلای گەورە کۆیەو تەفسیرەکەی‌و چەند سەرنجێك.

٧٣- هەڵسەنگاندنێك لەبارەی: هەبوونو نەبوونی نەسخ لە قورئان دا.

٧٤- ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بە قورئان .

٧٥- ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکانو هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی.

٧٦- طريق الصلاح والسَّير الى الله تعالى.

٧٧- الإسلام كما يتجلَى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد الأول.

٧٨- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز/ بەرگی یەکەم – سووڕەتی (الفاتحة) و (البقرة).

٧٩- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی دووەم، سورەتی (آل عمران).

٨٠- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی سێیەم، سورەتی (النساء).

٨١- چەند بنەمایەکی گرنگی ماڵو سامان بەخشین لەڕێی خوادا

ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپن

١- ئیسلامو دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی/ بەرگی یەکەم.

٢- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی چوارەم، سورەتی (المائدة).

٣- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی پێنجەم، سورەتی (الأنعام).

٤- الإسلام كما يتجلَى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد (١ -٨).

ئەو بەرهەمانەی چاوەڕێی چاپن

١- خووو ڕەوشتی ئیسلامیی.

٢- گرنگیی‌و پێویستیی پابەندیی بە قورئانو سوننەتەوە.

٣- ئیسلامو دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی/ بەرگی (٢، ٣، ٤).

٤- ڕوونکردنەوەی عەقیدەی طەحاویی.

٥- خاتوو عائیشە دایکی بڕواداران.

نێـوەڕۆك


لەبەر ڕۆشنایی چەند ئایەتێکی بەپێزی کتێبی خوای بەرزو مەزنو چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەری ڕەوشت بەرزدا صلی الله علیه وسلم باسی چەند بنەماو ئاکارێکی گرنگو بەرزو پەسندی ماڵو سامان بەخشین لە ڕێی خوادا کراوە، تاکو ئەو ماڵو سامانەی لەپێناوی خوادا دەبەخشرێ باشترین کەڵێن بگرێ و هەم پێبەخشراویش چاکترین بەهرەی لێوەربگرێ.
هەڵبەتە کارێکیش بۆ خوا عز وجل بکرێ، دەبێ خاوەنەکەی بەرزترینو چاکترین شێوازو چۆنیەتی تێدا لەبەرچاو بگرێ، چونکە خوای بەرزو مەزن باشترین شتو پەسندترین شێواز نەبێ شایستەی نیە!